گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەنێوان سیستمی سیاسی فەڕەنساو هەرێمی کوردستان-عێراق

## (توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە)

**د. بارزان جوهر صادق**
بەشی سیستمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
barzan.sadq@su.edu.krd

### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** ٢٠٢٠/١٠/٢٢
**پەسەندکردن:** ٢٠٢٠/١١/٢٥
**بڵاو کردنەوە:** زستانی ٢٠٢٠

**ووشە سەرەکییەکان**
*Executive Authority, France, Kurdistan Region, Presidency Comparative, Government Comparative.*

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.5.4.01

### پوختە

لە سەردەمی ئەرستۆوە تاوەکو ئێستا، سیاسەتی بەراوردکاری یەکێک لە بوارە سەرەکییەکانی زانستە سیاسییەکان بووە و کاریگەری بەردەوامی هەبووە لەسەر پێشکەوتنی سیستمی سیاسی وڵاتان. پەیڕەوکردنی جۆری سیستمی سیاسی پەیوەندی بەچەند فاکتەرێکەوە هەیە. یەکێک لەوانە کاریگەری هێزێکی باڵا دەستە بۆ داڕشتنی سیستمێکی سیاسی نوێ لەناوچەیەکی تر. هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دیاریکردنی سروشتی سیستمە سیاسییەکەیەتی. بەگریمانکردنی لێکچوونی زۆر و جیاوازی کەم لەنێوان هەردوو سیستمی سیاسی فەڕەنسا و هەرێمی کوردستان، ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بەپشت بەستن بە میتۆدی بەراوردکاری، کار لەسەر خستنەڕووی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەردوو وڵات بکات و هاوبەشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و لێکجیاوازی دەسەڵاتەکان و شێوازی پیادەکردنیان لەناو هەردوو سیستمی سیاسی نیشان بدات.

## 1. پێشەکی:

سیستمە سیاسییەکان لە چەند جۆرێکی دیاریکراو تێپەڕ ناکەن و فۆرمی حوکمڕانی وڵاتان پەیڕەوی یەکێک لەو جۆرانە دەکەن. هەرچەندە سیستمە سیاسییە نوێیەکان کاریگەر دەبن بەسیستمەکانی پێش خۆیان، بەڵام هیچ سیستمێک بەتەواوی وەکو ئەوەی تر نیە. هەر سیستمێکی سیاسی رەنگدانەوەی بارودۆخ و سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوخۆ و دەوروبەری خۆیەتی، بەڵام لەرووی دارِشتنی سیستمەکەوە سوود لەچەندین وڵاتی تر وەردەگرێت. بۆ ئەوەی سیستمێک بەتەواوی لەسەر پێی خۆی بوەستێت رووبەڕووی چەندین کێشە و جەنگی ناوخۆو دەرەوە دەبێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایانە دەمانەوێت بزانین جۆری سیستمی سیاسی هەرێم چیە و لەکام وڵات نزیکە.
نزیکەی سێ دەیە بەسەر سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان تێدەپەڕێت. ئەگەرچی پارتە سیاسییەکان هێشتا لەسەر دەستوورێک رێکنەکەوتوون، بەڵام کۆمەڵێک یاسای بنەڕەتی لەو وڵاتە هەن کەسروشتی دەستووریان هەیە و کاریان پێدەکرێت و مۆدێلی سیستمە سیاسییەکەیان تاڕادەیەک دیاری کردووە. ئێمە لەم چواچێوەیەدا دەمانەوێت بەراوردکاری لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فەڕەنسا و هەرێمی کوردستان بکەین  ولێکچوون و جیاوازیەکانیان بخەینەڕوو.
بەهۆی سنووورداری  لاپەڕەکانی، لەم توێژینەوەیەدا تەنها توانیومانە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەراوردکارییەکە ئەنجامبدەین. بۆیە سەرەتا بەکورتی جۆری سیستمی سیاسی هەردوو وڵاتمان خستۆتەڕوو، دواتر راستەوخۆ بەراوردی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی فەڕەنسا و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کراوە لەرووی لێکچوون و جیاوازییەکانیان. هەر لەو بەشەدا بەراوردکاری کراوە بۆ شێوازی خۆپاڵاوتنیان و پەیوەندی دەسەڵاتەکانیان لەگەڵ پەرلەمان. بەهۆی ئەوەی لەهەردوو وڵات دەسەڵاتی جێبەجێکردن دوانەییە، دواتر دەسەڵاتی حکومەتی هەردوو وڵات بەراوردکراوە و ئینجا پەیوەندی حکومەت لەگەڵ پەرلەمان خراوەتەڕوو. لەهەمان بەش هەندێک بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان بەرامبەر بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن باسکراوە. لەکۆتایدا، توێژەر کۆمەڵێک

دەرئەنجامی دەستخستووە و چەند پێشنیارێکی بۆ سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان خستۆتەڕوو.

### 1.1 پرسیارەکانی توێژینەوەکە

پرسیاری سەرەکی: ئەو جیاوازی و لێکچوونانە کامانەن کە لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سیستمی سیاسی کۆماری فەرەنسا و هەرێمی کوردستان -عێراق هەن؟

پرسیارە لاوەکیەکان:

١- ئایا پێشخانی هەردوو سیستمەکە لەچیەوە هاتووە؟ فەلسەفەی سیاسی هەردوو دەسەڵاتەکە یەکە یاخود جیاوازە؟

٢- دەسەڵاتەکان لەرووی دەستووریی، دامەزراوەیی و یاساییەوە چۆن دامەزراون؟

### 1.2 گریمانەی توێژینەوەکە

لێکچوونی زۆر لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سیستمە سیاسییەکە بەدی دەکرێت و هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات هەمان سیستمی سیاسی فەرەنسا لە وڵات جێگیر بکات و جێبەجێ بکات بەگوێرەی یاسا بنەڕەتیەکانی کە سروشتی دەستووریان هەیە.

### 1.3 میتۆدی بەراوردکاری

هەر لە ئەرستۆوە بگرە لەپێش زایین، هەتاوەکو گابرێڵ ئەڵمۆند و دەیڤد ئیستن لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە و تاوەکو توێژەرانی سیاسی ئەمڕۆش، میتۆدی بەراوردکاری سیاسی گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە لە پێشکەوتنی زانستە سیاسییەکان (Meur and Schlosser, 1994, P. 193, and Sadanandan, 2013, Pp. 5-6). ئەم میتۆدە یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەو تێگەیشتن لە کاریگەری جیاوازی و لێکچونەکانی هەردوو دیاردەکە کە هەندێک وەکو تاقیگەیەکی زانستی سیاسی تێیدەڕوانن بۆ ناسینی سیستمە سیاسییەکە یان یەکێک لەدەسەڵاتەکانی و رەخنە لێگرتنی، ئەمەش دوای ناساندنی بارودۆخی هەردوو دامەزراوە سیاسییەکە لەهەموو رویەکەوە بۆ نموونە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری هەردوولا (Suleiman, 2017, P. 5, and Sadanandan, 2013, Pp. 5-8) یان دەسەڵاتەکانی دەستووری و یاسایی، مێژووی گەشەسەندنی هەردوو لایەن و هێزی سیاسی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چالاکیەکانیان و چەندین بواری تری هاوشێوە و جیاواز یاخود ئەو کێشانەی دێنە رێی هەریەکەیان دەکرێت بەراورد بکرێت لەنێوان هەردوو دیاردەکە.

یەکێک لەبوارە سەرەکیەکانی ئەم میتۆدە بریتییە لە شیکردنەوەی بەراوردکاری نێوان سیستمی سیاسی و دەسەڵاتەکانی دوو وڵات بە جیاوازی و لێکچوونەکانی نێوان دامەزراوەکان و ئەکتەرەکانی ئەم سیستمانە (Sadanandan, 2013, P. 9). هەروەها مەرج نیە تەنها لەنێوان سیستمی دوو وڵاتی سەربەخۆ بێت، چونکە وەکو توێژەران جەختیان لەسەر کردۆتەوە کە ئەم بەراوردکارییە بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی دیاردە سیاسییەکانی نێوان دوو سیستمی سیاسی یان کۆمەڵگاکانیان ئەنجام دەدرێت (Lim, 2016, Pp. 4-7). بەراوردکاری سیاسی لەتەواوی سیستمەکە کارێکی ئاسان نیە و ناتوانرێت لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی کورت کۆنترۆڵ بکرێت، بۆیە بەشێک لە توێژەران جەخت لەسەر چەمکی (بەراوردکاری حکومەت) دەکەنەوە کە دەتوانرێت سنوورێک بۆ بەراوردی سیستمەکان دابنرێت (Sadanandan, 2013, P. 11, and Lim, 2016, P. 5). لەسەر ئەو بنەمایە، ئێمە ئەو میتۆدە بەکاردەهێنین بۆ بەراوردکاری نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەردوو سیستمی سیاسی.

## 1.4 گرنگی بابەتەکە

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە دەبێتە دەرخەری ئەو راستیەی کە ئایا فەلسەفەی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان لە چ سیستمێکی سیاسی جیهانەوە وەرگیراوە یان هاوشێوەیە؟ ئایا ئەم مۆدێلە تەنها بۆ هەرێمی کوردستان داتاشراوە یان هاوشێوەی هەیە؟ ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەو شیکردنەوانە بداتەوە کەوای بۆ دەچن سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی فەڕەنسایە!

لەلایەکی ترەوە، توێژەرانی بەراوردکاری سیاسی پێیانوایە کە گرنگی بەراوردی دوو سیستم لەوەدایەکە دەتوانرێت سیستمەکان کۆنترۆڵ و پشکنین (Check and Control) بکرێن بۆ دیارکردن یاخود سەلماندن و نەهێشتنی گومان لەسەر سیستمەکە (Lim, 2016, Pp. 15-16). واتە لەئەنجامی ئەو بەراوردکارییە، ئێمە بارودۆخی هەردوو سیستممان بۆ روون دەبێتەوە و بەرچاوڕونیمان دەبێت بۆ ئەوەی بزانین کێشەکانی ئەم سیستمانە چین، هەروەها چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە سیستمی سیاسی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەکو فەڕەنسا وەربگرێت بۆ ئەوەی لەداهاتووی نزیک لە دەستورەکەی جێگیری بکات. ئینجا گرنگیەکی تری ئەوەیە کە کەموکورییەکانی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان دەردەخات و توێژینەوەکە هەوڵدەدات چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

## 2. بەراوردکاری دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەردوو وڵات

### 2.1 جۆری سیستمی سیاسی وڵات

لەرووی مێژووی سیستمە سیاسییەکانیان، ئەگەرچی مێژووەکانیان هاوشێوە نین و بەراوردکردنیان ئاسان نابێت، بەڵام چەندین لێکچوون و جیاوازی هەن لەنێوان هەردوو سیستمەکە. بۆ نموونە، هەردوو وڵات بەیاسای بنەڕەتی تێپەڕیون هەتاوەکو گەیشتوونەتە دەستوور. فەڕەنسا لەسەردەمی پێش شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ چەند یاسایەکی بنەڕەتی هەبووە کەوەکو دەستوور مامەڵەی پێوەکراوە لەلایەن پاشاوە (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل ١٧٥). بەهەمان شێوە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسییە بەشێوەی شەرعی و یاسایی، بۆیە پەیڕەوی کۆمەڵێک یاسای بنەڕەتی دەکات کە سروشتی دەستووریان هەیە (دەستووری عێراقیش لە ماددەی ١٤١ بەروونی دانی ناوە بەم یاسایانە) و چەند جارێک هەوڵی هێنانەکایەوەی دەستوورێکی داوە، بەڵام شکستی هێناوە، لەگەڵ ئەوەش بەردەوامە بۆ دەستخستنی.

هەردوو وڵات کەمکردنەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و زیادکردنی دەسەڵاتی یاسادانانیان لەبەرامبەردا، رەتکردەوە. لە فەڕەنسای سەردەمی شارڵ دیگۆل لەدوایین کۆمار (کۆماری پێنجەم)، هەندێک لەتوێژەران پێیان وایە کە شۆڕشێک روویدا لەبەرامبەر دەسەڵاتی یاسادانان و دیگۆڵ توانی هاوسەنگی بەزیادەوە بگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەدوای هەمواری دەستووری فەڕەنسا و گۆڕینی سیستمی سیاسی فەڕەنسا (Knapp and Wright, 2006, Pp. 4-11, and Liu, 2000, Pp. 14-27). فەڕەنسا لە ساڵی ١٩٤٦ کە سیستمەکەی کردە پەرلەمانی نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، چونکە سەرۆکی کۆمار چەند دەسەڵاتێکی کەمی هەبوو هەروەها دەسەڵاتەکانی کردەیی نەبوون و تەنها حکومەت چەند دەسەڵاتێکی کردەیی پێدرابوو (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨٠-١٨١). بۆیە ئەم دەوڵەتە هەتاوەکو ئێستا بەهۆی کۆماری پێنجەمەوە ماوەتەوەو لەرووی سیاسیەوە بەردەوامە.

ئەمەش بەهۆی سەرکەوتنی ئەو سیستمە سیاسییە بووە کە لەساڵی ١٩٥٨ بەهۆی ئەم دەستوورەوە نوێیەوە هاتۆتەکایەوە کە پشتگیری لە سیستمی تێکەڵاو یان نیمچە سەرۆکایەتی کردووە. بەهەمان شێوە، لەهەرێمی کوردستان هەوڵی زۆر درا بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان لە خولی چوارەم (ساڵی ٢٠١٥)، بەڵام کارگەیشتە ئەوەی کە هێزی سەربازی بەکاربێت بۆ وەستاندنی دەسەڵاتی یاسادانان و پەرلەمان بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ (٢٠١٥-٢٠١٧) تا وایلێهات ئەم هەوڵانە بێ ئاکام بوون و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە بەهێزی مایەوە.

لەهەردوو وڵات سیستمی فرەپارتی سیاسی پەیڕەو دەکرێت و پارتەکان رۆڵی کاریگەریان هەیە لەسەر سیستمی سیاسی (See Blais, A., and Loewen, 2009, Pp. 346-358). لەهەردوو وڵات دەسەڵاتی دادوەری دابەشی سەر دوو بەش بووە، بەشێک لەدەسەڵاتەکان لەدەستی ئەنجوومەنی دادوەرییە و بەشێک لە دەستی وەزارەتی دادە. ئەمانەو چەندین هاوشێوەیی تر لەنێوان هەردوو سیستم هەیە، بەڵام ئێمە تەنها لەسەر بەراوردی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەوەستین.

لەلایەکی ترەوە، لەبەرئەوەی فەرەنسا خاوەنی دەستوورە، جۆری سیستمە سیاسیەکەی بەگوێرەی دەسەڵاتەکان دەبێتە سیستمی تێکەڵاو یان نیمچە سەرۆکایەتی، بەڵام هەرێمی کوردستان هەرچەندە دوو پڕۆژەی دەستووری هەیە کە یەکێکیان تەواوکرا بوو، لەلایەن پەرلەمانەوەش پەسندکرا لەساڵی ٢٠٠٩و تەنها گشتپرسی گەلی مابوو بچێتە بواری جێبەجێکردن، کەچی بەهۆی ناکۆکی لایەنەکانەوە بەشێوەیەکی نایاسایی راگیرا و دووبارە دەستکرایەوە بەنووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٥ لەلایەن لیژنەیەک بەسەرپەرشتی پەرلەمانی کوردستان (بڕوانە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری کوردستان – عێراق بۆ راپرسی)، بەڵام ئەویش لەبەر ململانێی سیاسی راگیرا و ئێستا هەرێمی کوردستان بێ دەستوورە و کار بەیاسا بنەڕەتیەکان دەکات کە سروشتێکی دەستووریان هەیە و لەلایەن دەستووری عێراقەوە دانپێدانراون. ئەگەرچی لەهەردوو پڕۆژەکەدا هاتووە کە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان پەرلەمانیە، بەڵام لەلایەک ئەمانە نەچونەتە بواری جێبەجێکردن و لەلایەکی ترەوە هەرێمی کوردستان کار بە یاسا بنەڕەتیەکان دەکات و ئێمە لەچوارچێوەی ئەم یاسایانە و لەرووی واقیعی بەراوردکارییەکە ئەنجام دەدەین.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستمی نیمچە سەرۆکایەتی بۆ یەکەمینجار لە فەڕەنسا سەریهەڵدا دوابەدوای گۆڕانکاری لەدەستوور لەساڵی ١٩٥٨ کاتێک بەهۆیەوە کۆماری پێنجەم لەم وڵاتە هاتە سەر دەسەڵات (احمد، ٢٠١٣، ل ٤٧٦). سیستمی تێکەڵاو یان نیمچە سەرۆکایەتی لەئەنجامی ئەو دەستوەردانە زۆرەی پەرلەمان و لەهەمان کاتدا بێتوانایی لە هێنانەکایەوەی سەقامگیری لەووڵات لەسەردەمی کۆماری چوارەم هەبوو هاتەکایەوە. دیگۆڵ بەم سیستمە توانی ببێتە پارێزەری یەکێتی نیشتمانی و پارێزەری دەستوور و هێزێک بداتەبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن تاوەکو هاوسەنگ بێتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانی (Brown, 1966, Pp. 462-492). بەمەش توانی سەرکەوتووانە بەهۆی دروستکردنی ئەو هاوسەنگیە لە سیستمی سیاسی لەنێوان دەسەڵاتەکان، جۆرێک لە سەقامگیری سیاسی بێنێتەکایەوە و تاوەکو ئێستا بەردەوام بێ. لەسیستمی نیمچە سەرۆکایەتیدا، سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت و دەسەڵاتی زۆری دەبێت و جگە لەمەش سەرۆک دواتر سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان دەستنیشان دەکات هەتاوەکو هاوکاری سەرۆک بکەن لەراپەڕاندنی کاروبارەکانی وڵات و ئەم حکومەتە لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێ دەدرێت و بەرپرسیش دەبێت بەرامبەر بە دەسەڵاتی یاسادانان (احمد، ٢٠١٣، ل ٤٧٥). هەروەها پەرلەمان لەم سیستمەدا دەتوانێت لێپێچینەوە لەگەڵ حکومەت و کابینەکەی بکات و هەروەکو چۆن متمانەی پێدەدا، دەتوانێت لێشی وەربگرێتەوە. واتە لەسیستمی تێکەڵاودا، سەرۆک بەرامبەر بە گەل بەرپرسە و حکومەتیش بەرامبەر بە پەرلەمان (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨١-١٨٢).

ئەگەر سەیری دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بکەین لەیاسای بنەڕەتی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و بەراوردی بکەین لەگەڵ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی فەڕەنسا و دەسەڵاتەکانی سەرۆک، بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوو سیستم لێرەدا هاوشێوەن. بۆ نموونە سەرۆک بەرپرس نیە بەرامبەر بە پەرلەمان و تەنها وەزیرەکان و سەرۆک وزیران و کابینەکە بەرپرسن وەکو فەڕەنسا (بڕوانە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥، ماددەی دووەم، احمد، ٢٠١٣، ل ٤٧٨). بۆیە بەسەرنجدان لە ماددەکان و دەقە یاساییەکان و پیادە کردارییەکان لەهەرێمی کوردستان بۆت دەردەکەوێت کە سیستمی حوکمڕانی لەسەر بنچینەی تێکەڵاو و کۆکردنەوەی هەندێک لە خەسڵەتەکانی هەردوو سیستمی پەرلەمانی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرۆکایەتی بونیادنراوە کە لە سیستمی سیاسی فەڕەنسا دەچێت (شەریف، ٢٠١٩، ل٢٢٠، احمد، ٢٠١٦، ل٥٠٦-٥٠٧، زەنگەنە، ٢٠١٥، ل١٣٥-١٣٦).

## 2.2 لێکچوونەکانی دەسەڵاتی سەرۆکی فەڕەنسا و سەرۆکی هەرێمی کوردستان

لەدەستووری فەڕەنسادا ١٤ مادده بەتەنها و بەجیا تەرخان کراوە بۆ دەسەڵاتدان بە سەرۆکی کۆمار (بڕوانە دەستووری فەڕەنسای ساڵی ١٩٥٨- هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٨). بەهەمان شێوە لەهەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت کە سروشتێکی دەستووری وەرگرتووە بۆ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەپێکهاتووە لە شازدە مادده و چەندین برگە (بڕوانە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٥)، ئەمە جگە لەوەی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان چەندین مادده داڕێژراوە بۆ دەسەڵاتەکانی سەرۆک[1] هاوشێوەی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا. لەفەڕەنسا و هەرێمی کوردستان، سەرۆکی وڵات خاوەن دەسەڵاتی زۆر و کاریگەرە و بە نوێنەری راستەقینەی گەل دادەنرێ و هێمای یەکێتی نیشتمانی وڵاتە. لە دەستووری فەڕەنسا (ماددەی ٥) هاتووە کە هۆکاری بوونی سەرۆک بۆ دەستەبەریی سەربەخۆیی نیشتمانی و یەکێتی خاک و رێزگرتنە لە پەیماننامەکان. بەهەمان شێوە، لەکۆتایی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ و لەبابەتی هۆکاری دەرچوونی یاساکە هاتووەکە "لەبەر ئەوەی لەهەموو سیستمێکی سیاسیدا سەرۆکێک هەیە گەل و وڵات بەرجەستە دەکات و بەناوی ئەوەوە لەسەر ئاستی سیاسی و نێودەوڵەتی دەدوێت و وەکو سەرۆکی باڵای راپەڕاندن چاودێری بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتیان دەکات و پاڵپشتی سەرەکیە بۆ سەقامگیری باری سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە... بۆیە ئەم یاسایە دانرا". لەپەراوێزی

---

[1] دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەچەندین ماددەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق خراوەتەڕوو، وەکو (٤٢، ٤٧، ٥٣، ٥٦، ٥٩، ٧٠، ٧٤، ٧٥، ٩٢، ٩٤، ٩٥، ١٠٩، ١١٤، ١٢٢). (بابان، ٢٠١٥، ل٩). لێرەدا ئێمە پێویستە ئەوە بڵێین کە جیاوازی کەم لەنێوان ئەو دەقانەی سەرەوە هەیە کە بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو یاسا بنەڕەتیانەی کە لەسەرەتای دروستبوونی هەرێمی کوردستانەوە کاریان پێ دەکرێت و بەردەوامن و لەلایەن دەستووری عێراقەوە پەسندکراون (بڕوانە دەستووری عێراق ماددەکانی ١٤١ و ١١٦). لەزۆربەی ماددەکانی ناو پرۆژەکە بۆ دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بە هەمان دەق و داڕشتن نوسراوەتەوە و جیاوازی نیە لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥.

ئەم بۆچوونە یاسایی و دەستوورییانە، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات لەخوارەوە هاوبەشی و لێکچوونەکانی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەردوو سەرۆک بخاتەڕوو بەمشێوەیە:

یەکەم: سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن

سەرۆکی وڵات لەهەردوو وڵات، سەرۆکی باڵای ڕاپەڕاندنە. لەفەرەنسا دەستوور بەگوێرەی (ماددەی ٩)ی دەستوور سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و دەسەڵاتی راپەڕاندن دەکات. بەهەمان شێوە، لەهەرێمی کوردستان بەگوێرەی (ماددەی یەکەم، بڕگەی (١) لەیاسای ژمارە (٢) بۆ ساڵی ٢٠٠٦، یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق)، سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لەهەرێمی کوردستان. دواتر هەمان دەسەڵات درایەوە بە سەرۆکی هەرێم بەگوێرەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەپێی (ماددەی ٦٠) (بابان، ٢٠١٥، ل٣٥).

دووەم: سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکانی وڵات

جوڵێنەری سیستمی سیاسی و کۆنترۆڵکردنی هێزی کردەیی لەوڵات پەیوەستە بە سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان. هەردوو سەرۆک، سەرۆکی باڵای هێزە چەکدارەکانن و دەتوانن هێزەکانی وڵات بۆ ناوەوە و دەرەوە بجوڵێنن. لەفەرەنسا، دەستوور سەرۆکی بەفەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان داناوە بەچەکی نەوەویشەوە، ئەمە جگە لەوەی سەرۆک کۆماری فەرەنسا بەگوێرەی یاسا سەرکردایەتی ئەو لیژنە باڵایانەش دەکات کە بۆ بەرگری نیشتمانی پێک دێن (بڕوانە ماددەی ١٥ لەدەستووری فەرەنسا، الشكراوی، ٢٠١٢، ص٦). لەمانەش گرنگتر، سەرۆکی فەرەنسا بەگوێرەی (ماددەی ٣٥)ی دەستوور ڕێگە پێدراوە کە جەنگ رابگەیەنێت (اعلان الحرب) و هێزەکان بنێرێتە دەرەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت، بەڵام بەبێ ئەوەی بچێتە گفتوگۆ و دەنگدان لە پەرلەمان، تەنها ئەگەر دەستوەردانەکە لە چوار مانگ زیاتری خایەند دەبێت مۆڵەتی پەرلەمان وەربگیرێت بۆ درێژکردنەوە(بڕوانە ماددەی ٣٥، دەستووری فەرەنسا). سیستمی سیاسی عێراق کە پەرلەمانیە، سەرۆکی کۆمار سەرۆکی هێزی چەکدار نیە، بەڵکو سەرۆک وەزیرانە (بڕوانە ماددەی ٧٨ لەدەستووری عێراق، ٢٠٠٥)، بەڵام لەهەرێمی کوردستان، سەرۆک بەگوێرەی(ماددەی یەکەم، بڕگەی (١) لەیاسای ژمارە (٢) بۆ ساڵی ٢٠٠٦، یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان)، فەرماندای گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە. لەهەمان کات، سەرۆکی هەرێم، سەرکردایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێزەکانی ئاسایشی هەرێم دەکات بەگوێرەی (یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ماددەی دووەم، بڕگەی یەکەم) لەهەمان مادده و بڕگەدا هاتووە کە ئەم ئەنجوومەنە لەم بەشانە پێک هاتووە (بڕوانە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١، یاسای ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق)[2]:

١- دەزگای ئاسایشی هەرێم

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەواڵگریی سەربازی

٣- ئاژانسی پاراستن و زانیاری

جگە لەمانەش، سەرۆکی هەرێم بەگوێرەی (ماددەی یەکەم، بڕگەی (١) لەیاسای ژمارە (٢) بۆ ساڵی ٢٠٠٦، یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق) سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و بەپێی (ماددەی دەیەم- بڕگەی حەڤدەم) پلە سەربازیەکان دەبەخشێتە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی هەرێم لە پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ، هەروەها بەگوێرەی (ماددەی دەیەم- بڕگەی یازدەم) سەرۆک دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی پەرلەمان، هێزەکانی پێشمەرگە دەنێرێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی[3]. لەلایەکی ترەوە، دووبارە سەرۆکی هەرێم لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەپێی (ماددەی ٦٠) لەرووی سەربازیەوە ئەم دەسەڵاتانەی پێدرایەوە (بابان، ٢٠١٥، ل٣٥). کەواتە، هەموو ئەمانەی سەرەوە نیشانی دەدەن کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی کۆماری فەرەنسا سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکانی وڵات دەکەن.

سێیەم: سەرکردایەتی سیاسەتی دەرەوە

سەرۆکەکان نوێنەرایەتی میللەتەکانیان دەکەن لە دەرەوەی وڵات. سەرۆکی فەرەنسا بە (ماددەکانی ١٣-١٤) لەلایەک سەرپەرشتی هەموو نوێنەرایەتی بیانیەکان بۆ کاری دیپلۆماسی لەوڵات دەکات و

---

[2] بەهەمان شێوە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی ساڵی ٢٠٠٩ دا هاتووە کە ئەم ئەنجوومەنە پەیوەست دەبێت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەماددەی (١٠٩) (بابان، ٢٠١٥، ل٣٩).

[3] ئەمە بەکردەیی لەسەردەمی هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ روویدا، کاتێک سەرۆکی هەرێم بڕیاریدا هێزەکانی پێشمەرگە بنێرێتە کۆبانێ لەساڵی ٢٠١٤.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵگەنامەی ڕێگەپێدان (الاوراق الاعتماد)یان پێ دەدات و لەهەمان کات سەرپەرشتی دامەزراندن و ناردنی دیپلۆماتە فەرەنسیەکان دەکات لە وڵاتانی دەرەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا، بەگوێرەی (ماددەی ١١)، سەرۆک لەگەڵ سەرۆکوەزیران و پەرلەمان گفتوگۆ دەکات لەسەر پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان و پەسەندیان دەکات (بڕوانە ماددەکانی١١- ١٣-١٤ی دەستووری فەرەنسا). بۆ بابەتی سیاسەتی دەرەوە، پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، نوێنەرایەتی دیپلۆماسی لەدەرەوە و ناوەوە، بەگوێرەی (ماددەی دووەم) یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەسەڵاتی بە سەرۆکی هەرێمداوە کە لەسەر ئاستی دەرەوە نوێنەرایەتی گەل بکات و بەناویانەوە بدوێن و تەنانەت هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمیشدا بکات. لەلایەکی ترەوە، لەهەرێمی کوردستان هەر دیپلۆماتێک و نوێنەرایەتیەکی دیپلۆماسی بیەوێت کاربکات پێویستی بە مەرسومی سەرۆکی هەرێمە. سەرۆک لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەگوێرەی (ماددەی دەیەم، بڕگەی پازدەم) لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، نوێنەرانی پەیوەندییەکانی دەرەوە دادەمەزرێنێت وەکو پلە تایبەت تاوەکو نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان بکەن لە وڵاتانی دەرەوە. بەگشتی، لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی و تەنانەت عورفیش، سەرۆکی هەرێمی کوردستان جڵەوی سیاسەتی دەرەوەی لەدەست گرتووە لەماوەی رابردوو و ئێستاش. ئەمە بەهەمان شێوە بۆ سیاسەتی هەرێم بەرامبەر بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بەئاراستەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

چوارەم: سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی وەزیران

هەردوو سەرۆک دەتوانن سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بکەن. سەرۆک کۆماری فەرەنسا بەگوێرەی (ماددەی ٩)ی دەستووری فەرەنسا دەتوانێت سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بکات و بەهەمان شێوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی (ماددەی دەیەم- بڕگەی نۆیەم) لەکاتی پێویست بانگێشتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات بۆ کۆبوونەوە و سەرکردایەتی کۆبوونەوەکەش دەکات[4]. لەخولی سەرۆکایەتی پێشوو کە سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرابوو، سەرۆکی هەرێم سەرۆکایەتی هیچ دانیشتنێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی نەکرد،

[4] بەهەمان شێوە سەرۆکی هەرێم بەگوێرەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ماددەی (٧٠- بڕگەی شەشەم) مافی ئەوەی پێدراوە کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بکات (بابان، ٢٠١٥، ل٤٢).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام لەخولی ئێستا (٢٠٢٠)، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵسا بە بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە بەگوێرەی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٥ (ماددەی دەیەم- بڕگەی نۆیەم) و سەرۆکایەتی دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد بەئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت، جێگرەکەی و تەواوی وەزیرەکان لە رێککەوتی (٣ی شوباتی ٢٠٢٠) (بڕوانە ماڵپەڕی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٠).

پێنجەم: هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆک لەلایەن گەل

هەردوو سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن. لەفەرەنسا بەهۆی هەمواری ساڵی ١٩٦٢ هەردوو (ماددەی ٦-٧) هەموارکرایەوە و دەستوور چەسپاندی کە دەبێت سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن گەلی فەرەنسی هەڵبژێردرێت بەشێوەی زۆرینەی رەها (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ١٨٣-١٨٤). هەمواری ئەو ماددەیەی کە سەرۆک دەبێت بەراستەوخۆ هەڵبژێردرێت بۆ چەند مەبەستێک بوو وەکو، بەهێزکردنی پێگەی سەرۆک لەرێگەی وەرگرتنی رەوایەتی راستەوخۆ لەلایەن تاکەکان. هەروەها بەشێوەیەکی سروشتی دەسەڵاتی سەرۆک لەسەرووی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیران دەبێت. سێیەم، رزگاری دەبێت لەپاشکۆیەتی پەرلەمان (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨٤). یاسای سەرۆکایەتی هەرێم وەکو تاکە یاسای بەکارهاتووی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت و لەناو یاساکە لە (ماددەی دووەم) هاتووە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ لەناو خەڵک هەڵدەبژێردرێت. ئەمە لەساڵی ٢٠٠٩ چووە بواری جێبەجێکردن و سەرۆک راستەوخۆ لەناو خەڵک هەڵبژێردرا. ئەمجارەش لەبەر ناهەمواری دۆخەکە و ئەو ململانێیانەی کۆن و قەیرانەکانی ئێستا سەرۆک لەناو پەرلەمان هەڵبژێردرا وەکو ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام لەبەرئەوەی کە یاساکە بەروونی (لە ماددەی دووەم) ئاماژە دەکات بەهەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەناو خەڵک و هەروەها لە رەشنووسەکەش ئاوا هاتووە[5]، بۆیە لەداهاتوودا کە سەرۆک دیسان راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێتەوە، سیستمی هەڵبژاردنی سەرۆک هەمان سیستمی فەرەنسا وەردەگرێتەوە.

[5] لە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان ماددەی (٦١) هاتووە کە سەرۆک راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت لەناوخەڵک (پەرلەمانی کودستان، ٢٠٠٩، ل ٣٦).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەشەم: ڕاسپاردنی سەرۆکوەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت

بەهەمان شێوەی فەرەنسا، لەهەرێمی کوردستان سەرۆکی هەرێم، سەرۆکوەزیران ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت کە ئەمەش لەناو گەورەترین کوتلەی پەرلەمان دیاری دەکرێت، بەڵام ئەمە دوای ناوهێنانی سەرۆکی وەزیران لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی (بڕوانە ماددەی دەیەم-بڕگەی یازدەم لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥)، بەڵام سەرۆکی هەرێم بەگوێرەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ماددەی (٦٤، بڕگەی چواردەهەم) ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردن سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆن ڕادەسپێرێ کە کابینەی حکومەت پێک بێنێت و ئەگەر نەیتوانی لەم ماوەیە، ئەوا کەسێکی تر لەهەمان فراکسیۆن و ئەگەر ئەویش نەیتوانی ئەوا سەرۆک بەخۆی کەسێک دیاری دەکات لەپەرلەمان ئەم کارە بکات (بابان، ٢٠١٥، ل٣٩). بەهەمان شێوە لە فەرەنسا سەرۆکی کۆمار هەڵدەستێت بە دیاریکردنی سەرۆکوەزیران (بەگوێرەی ماددە ٨)ی دەستوور و دواتر بە گوێرەی دەستوور ئەم وەزیرە خۆی دەبەخشێ لەپۆستەکەی وەکو ئەندام پەرلەمان و دەبێتە وەزیری یەکەم (سەرۆکوەزیران) (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨٤).

حەفتەم: گەڕانەوە بۆ گەل لەرێگەی ڕاپرسی

سەرۆک کۆماری فەرەنسا بەگوێرەی (ماددەی ١١)ی دەستوور دەتوانێت ئەو یاسایانەی کە چارەنووسسازن بگەڕێنێتەوە بۆ گەل بۆ ڕاپرسی بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەت و ئەنجوومەنەکانی پەرلەمان. وەکو یاساکانی ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان، یاساکانی پەیوەندیان هەیە بە سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی گشتی، هەمواری دەستووریش بەپێی (ماددەی ٨٩) (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨٥). بابەتی خستنە ڕاپرسی یاساکان لەهەرێمی کوردستان ڕێکنەخراوە، بەڵام وەکو عورفێکی سیاسی و یاسایی دەتوانین بڵێین کە سەرۆکی هەرێم ئەو مافەی پێدراوە لەهەندێک پرسی چارەنوسساز بۆ نموونە لەکاتی  وەرگرتنی بڕیاری خەڵک لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٩ کە سەرۆکی هەرێم دەبوو بیناردایە یان گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم ئاراستەی خەڵک کرا و...هتد.

هەشتەم: بەکارهێنانی دەسەڵات لەکاتی نائاسایی (حالة الطوارئ)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەردوو سەرۆک دەتوانن لەکاتی نائاسایی دەسەڵاتی زۆر بەکاربێنن. سەرۆکی فەڕەنسا بەگوێرەی (ماددەی ١٦)ی دەستوور، خۆی سەرکردایەتی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دەکات، ئەمەش لەچەند حاڵەتێکدا. هەرکات شەڕی ناوخۆ بەرپا بوو، هەرکات هەڕەشەی ناوخۆیی رێگربوو لەجێبەجێکردنی یاساکان و دەستوور و رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان. لێرەدا سەرۆک هەرچەندە پابەند نیە بەبیروبۆچوونیان، بەڵام بیروڕای وەزیری یەکەم، سەرۆکی ئەنجوومەنەکانی نیشتمانی (نوێنەران و پیران) و ئەنجوومەنی دەستووری وەردەگرێت و دەبێـت گەلیش ئاگاداربکرێـتەوە لە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە (ماددەی ١٦) (الشكراوی، ٢٠١٢، ص٧، عبدالله و رشيد، ٢٠١٥، ل ١٨٦-١٨٧). کەواتە دەستوور لەکاتی هێرشی تیرۆرستی گەورە و هەر بارودۆخێکی تری سروشتی و ناسروشتی مەترسیدار، ئاسایش و مانەوەی دەوڵەتی لەسەرووی هەموو شتێک داناوە و سەرۆکی دەوڵەت دەستکراوە دەبێت بۆ پاراستنی کیانە سیاسیەکەی و گەلەکەی هەربۆیە ئەم بارە بە دکتاتۆری کاتی یان دەستووری دانراوە (میسروب، ٢٠١٦، ص٨٤-٨٦). لەهەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی (ماددەی دەیەم برگەی هەشتەم) لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم، بڕیاری باری نائاسایی دەدات بە گوێرەی یاسای تایبەت.

نۆیەم: دامەزراندنی دادوەران

هەردوو سەرۆک مافی دامەزراندنی دادوەرەکانی وڵاتیان هەیە. لەفەڕەنسا سەرۆک (٣) دادوەر یان ئەندام لەو (٩) دادوەر و ئەندامەی ئەنجوومەنی دەستووری دادەمەزرێنێـت و هەروەها سەرۆکی ئەنجوومەنەکەش لەناویاندا دیاری دەکات و بەگوێرەی (مادده ٥٦) ئەگەر دەنگیان یەکسان بوو، سەرۆک دەنگی یەکلاکەرەوەی دەبێت (الشكراوی، ص٤، ٢٠١٢، عبدالله و رشيد، ٢٠١٥، ل ١٨٨). ئەگەرچی لەهەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا دەستوورنیە، بەڵام سەرۆکی هەرێم مافی دامەزراندنی دادوەرەکان و سەرۆکی ئیدیعای گشتی هەیە (دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری) بەگوێرەی (ماددەی دەیەم، بڕگەی شازدەیەم) لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

دەیەم: دیوان و ستافی سەرۆک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە (ماددەی دوازدەم) هاتووە کە سەرۆکی هەرێم دیوانێکی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارزبارەکانی خودی سەرۆک و سەرۆکایەتی هەرێم[6] و دواتر هەمان ساڵ، یاسای تایبەت بەم دیوانە دەرچوو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ( بڕوانە یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق). بەگوێرەی ئەم یاسایە، سەرۆک چەندین راوێژکار و پلە تایبەت و کارمەند دادەمەزرێنێت و لەهەمان کات دەسەڵاتی پێدراوە کە خانەنشینیان بکات یان لایان بدات. لەفەرەنسا بەهەمان شێوە نەک تەنها راوێژکار و کارمەندانی نوسینگەکەی، بەڵکو تەواوی حکومەت لەخزمەتی جێبەجێکردنی ئەجێنداو بەرنامەی سەرۆکدایە. لە فەرەنسا دامەزراوەیەک هەیە بە ناوی کابینەی سەرۆک کۆمار کە ڕۆڵی ئەم کابینەیە نزیکە لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم. پێک دێت لەو ڕاوێژکارانەی کە سەرۆک کۆمار دایان دەمەزرێنێت لە بوارە جیاجیاکانی وەک سەروەری، دیپلۆماسی، ئابوری، تەندروستی و ...هتد، بۆ هاوکاریکردنی سەرۆک لە بڕیاردان (Elysée, 2020).

یازدەم: دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەهەردوو وڵات دوانەییە بەپێی یاساو رێسا (عبدالله و رشيد، ٢٠١٥، ١٨٣)، ئەمە جگە لەوەی لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان (ماددەی ٥٩) بەهەمان شێوە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دابەشکرایەوە سەر سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەفەرەنسا بەپێی دەستوور و یاساکان، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دوانەییە و لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پراکتیزە دەکرێت (الشكراوی، ٢٠١٢، ص٧).

دوازدەم: مەترسی کۆنەبوونەوەی هەردوو پۆستی باڵای جێبەجێکردن لەیەک پارتی سیاسی

هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەژێر مەترسی ئەوەدان کە ئەگەر هاتوو هەردوو سەرۆک (سەرۆکی وڵات و سەرۆک وەزیران) لەهەمان پارتی سیاسی نەبوون، ئەوا توشی کێشە دێن و هەمان ئەو

[6] ئەم دیوانە کاروبارەکانی سەرۆک و سەرۆکایەتی لەگەڵ هەریەک لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، پەرلەمان، دادوەری، دەسەڵاتە فیدراڵیەکان، دەرەوە و ناوەوەی هەرێم ڕێک دەخات و سەرۆکی دیوانەکەی پلەی وەزیرە و بۆی هەیە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەبێت (بڕوانە یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەقامگیریە سیاسیەیان نابێت. ئەمە ناودەبرێ بە پێکەوەژیانی دووانەیی (Cohabitation). لەساڵی ١٩٨٦ لەفەرەنسا روویدا کاتێک فرانسۆ میتران (چەپڕەو) بوو بووە سەرۆکی کۆماری فەرەنسا و جاک شیراک (راسترەو) بووە سەرۆکوەزیران (زەنگەنە، ٢٠١٥، ل١٣٥-١٣٦). بەهەمان شێوە لەهەرێمی کوردستان ئەم مەترسیە هەستی پێدەکرێـت، بەڵام لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا سەرکردایەتی ئەم دوو دەسەڵاتە لەدەستی یەک پارتی سیاسی کۆبۆتەوە کێشەکە هەستی پێنەکراوە، هەرکات جیاواز بوون، ئینجا دەزانرێت کە کێشەی سیاسی هەیە لەم سیستمە.

## 2.3 جیاوازیەکانی دەسەڵاتی سەرۆکی فەرەنسا و سەرۆکی هەرێمی کوردستان

یەکەم: جێگری سەرۆک

جیاواز لە سەرۆکی فەرەنسا، سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێـت بەگوێرەی (ماددەی سێزدەهەم- بڕگەی ٢ لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥)، بەڵام ئەمە لە یاسای کاراکردنەوەی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور (ماددەی ٣- بڕگەی دووەم)، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و سەرۆک دوو جێگری دەبێـت وەکو ئێستا لەکاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە. لەبەرامبەردا، سەرۆکی فەرەنسا هیچ جێگرێکی نیە. ئەگەر سەرۆک بەهەر هۆکارێک دەسەڵاتی لەدەستدا، ئەوا دەبێت لەماوەی (٢٠ بۆ ٣٥) رۆژ دواتر هەڵبژاردنی بۆ بکرێتەوە (Liu, 2000, P. 4).

دووەم: شوێن گرتنەوەی سەرۆک

دەستووری فەرەنسا زۆر بەووردی ئەم بابەتەی لە دەستوورەکەی یەکلاکردۆتەوە و لەماددەی (٧)ی دەستوور هاتووەکە لەباری چۆڵبوونی پێگەی سەرۆک بەهەر هۆکارێک بێت بەشێوەیەکی کاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران جێگەکەی دەگرێتەوە و ئەگەریش رێگری هاتە پێش یان شایستە (مؤهل) نەبوو، ئینجا سەرۆکی حکومەت جێگەکەی دەگرێتەوە. لەهەرێمی کوردستان کاتێک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٥ توشی ئەم کێشەیە هات، بەهۆی ناڕوونی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە (١)ی هەرموارکراوی ساڵی ٢٠٠٥، مشتومڕێکی زۆر دروست بوو. لەیاساکەدا هاتووە کە هەرکات سەرۆک دیارنەبوو، جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە (بڕوانە ماددەی سیازدەم- بڕگەی ٢)، بەڵام

ئەوەی ساڵی ٢٠١٥ جیاواز بوو، چونکە هەردووکیان کاتیان تەواو بوو بوو، بۆیە یاساکە چارەسەری بۆ ئەمەش دانابوو، بەڵام ئەوەش ناروون بوو، لە (ماددەی چواردەم) هاتووە "لەحالەتی دیارنەبوونی سەرۆکی هەرێمدا لەبەر هەر هۆکارێک دەبێ، ببێ، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لەجیاتی ئەو، ئەرک و فەرمانەکانی لەئەستۆ دەگرێ"، بەڵام لەماددەی دواتر (پازدەم) هاتووە کە " ئەگەر پلەو پایەی سەرۆکی هەرێم، لەبەر هەر هۆیەک چۆڵ بوو، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق ئەرک و فەرمانەکانی هەڵدەسوڕێنێ تا لەماوەی (٦٠) شەست رۆژدا لە رۆژی چۆڵ بوونی پلەوپایەکەوە سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێ" (بڕوانە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥، ماددەکانی سیازدەم، چواردەم و پازدەم)، بەڵام ئەمە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێم وەکو فەرەنسای لێکرابوو کە سەرۆکی پەرلەمان جێگەکەی دەگرێتەوە هەتا دوو مانگ دواتر کەسێکی تری بۆ هەڵدەبژێردرێت (بابان، ٢٠١٥، ل٤١).

سێیەم: دامەزراندنی گەورە ئەفسەرانی سەربازی

لەفەرەنسا سەرۆک مافی دامەزراندنی گەورە ئەفسەرەکانی وڵاتی هەیە بەگوێرەی (ماددەی ١٣)ی دەستوور، بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەنها مافی پێدانی بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی هەیە بەئەفسەرەکان، هێزە چەکدارەکانی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و خانەنشین کردنیان بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان. واتە لەیاسای ژمارەی (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە (ماددەی دەیەم، بڕگەی حەڤدەم) تەنها ئەو مافانەی هەیە نەک دامەزراندنیان و لادانیان، بەڵکو ئەمانە بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان دەبێت.

### 2.4 لێکچوون و جیاوازیەکانی شێوازی خۆپاڵاوتن و بوون بەسەرۆک

لە ئەنجامی بەراوردکاری رێوشوێن و مەرجەکانی هەردوو سیستم، بۆمان روون دەبێتەوە کە چەند جیاوازی و لەهەمان کات لێکچوون هەیە لەنێوان هەردوو سەرۆک وڵات بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: سەرەتا مەرجە هەردوو سەرۆک خاوەنی رەگەزنامەی وڵات بن. لەهەرێمی کوردستان بەگوێرەی (ماددەی پێنجەم، برگەی ٢) ئەمە رێکخراوە و لە فەرەنساش یەکێک لە پێنج پێداویستییە سەرەکییەکانی بۆ بوون بە سەرۆک لەو وڵاتە مەرجە کە هاوڵاتی فەرەنسی بێت (French Embassy in London, 2020، سفارة فرنسا في جمهورية مصر العربية-أ، ٢٠١٠).

دووەم: نابێت زیاتر لەدوو خول سەرۆکایەتی بکەن. لەفەرەنسا بەگوێرەی (ماددەی ٦)ی دەستوور ئەم مەرجە چەسپێنراوە و لەهەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە بەگوێرەی (ماددەی سێیەم) سەرۆک ناتوانێت لەدوو خول زیاتر ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

سێیەم: نابێت هەردوو سەرۆک مافە مەدەنیەکانیان بە یاسا یان بە بڕیاری دادگا لێ قەدەغەکرا بێت (بڕوانە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، ماددەی پێنجەم)، هەروەها لە فەرەنسا ئەم مەرجە بە ماددەکانی ٦ و ١٩٩ لە مەتن (یاسا)ی هەڵبژاردنی فەرەنسا دیاریکراون و گشتین و تەنها تایبەت نیە بە پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک کۆمار.

چوارەم: مەرجی خزمەتی سەربازیە. لەهەرێمی کوردستان خزمەتی سەربازی وەکو پێداویستییە یاساییەکانی بوون بەسەرۆک دیاری نەکراوە، بەهەمان شێوە ئێستا لە فەرەنساش ئەم مەرجە بەهەند وەرناگیرێت، ئەگەرچی پێشتر یەکێک لە پێداویستییەکانی بوون بە سەرۆکی فەرەنسی ئەوەبوو کە پاڵێوراو دەبوایە خزمەتی سەربازی هەبێت، بەڵام ئێستا ئەمە کێشە نیە (سفارة فرنسا في جمهورية مصر العربية-أ، ٢٠١٠).

پێنجەم: جیاوازی گەورە لە کەمپینی هەڵبژاردن لەنێوان هەردوو سەرۆک هەیە. لەڕاستیدا ئەمە بەشێکی سەرەکی پەیوەندی بەوە هەیە کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی بچووکە و نزیکەی سێ ملیۆن دەنگدەری هەیە، بەڵام فەرەنسا وڵاتێکی گەورە و پێشکەوتووە و بەدەیان ملیۆن دەنگدەری هەیە. لەفەرەنسا بۆ خولی یەکەمی کێبڕکێی سەرۆکایەتی کۆمار بڕی (١٣,٧) ملیۆن یۆرۆ و بۆ خولی دووەم (١٨,٣) ملیۆن یۆرۆ ڕێگەپێدراوە خەرج بکرێت بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەگوێرەی هەموارکردنی یاسای ژمارە (٦٢-١٢٩٢)ی ساڵی ١٩٦٢ لە هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٦ (سفارة فرنسا في جمهورية مصر العربية-أ، ٢٠١٠). لەهەرێمی کوردستان هەرچەندە بەگوێرەی (ماددەکانی بیست و چوارەم و بیست و پێنجەمی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق- ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، باسی کەمپینی هەڵبژاردن کراوە و تیایدا هاتووە کە دەبێت پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەچوارچێوەی یاسا و داب و نەریت و دەستووری گشتی بێت، بەڵام نە بڕی پارەکە بە یاسا ڕێکخراوە و نە یاسایەکیش بەم ناوە بوونی هەیە. تەنها لە یاسای ژمارە (١)ی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ساڵی

٢٠١٣ قەدەغەی هەر یارمەتیەکی دارایی دەرەکی کراوە و کۆمسیۆن خەرجی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بۆ هەر کەسێک دیاری کردووە بە (٢٥٠) دیناری عێراقی کەنابێ لەوبرە زیاتر بدەن.

شەشەم: جیاواز لە سەرۆکی فەرەنسا کە بۆ (٥) ساڵ هەڵدەبژێردرێت بە گوێرەی (ماددەی ٦)ی دەستووری فەرەنسا، سەرۆکی هەرێم بەگوێرەی یاسا بۆ ماوەی (٤) ساڵ هەڵدەبژێردرێت (بڕوانە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ماددەی سێیەم).

حەفتەم: جیاوازی هەیە لەنێوان هەردوو وڵات بۆ یەکلاکردنەوەی کێبڕکێی سەرۆکەکان و سیستمی دەنگدان و بردنەوەیان. هەرێمی کوردستان لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم (ماددەی هەشتەم) ئەوەی یەکلاکردۆتەوە کە پەیڕەوی لە سیستمی زۆرینەی سادە دەکات و پاڵێوراوی سەرۆکایەتی بەزۆرینەی سادەی دەنگەکان دەبێـتە سەرۆک. لەفەرەنسا بەهۆی ئەوەی سیستمی هەڵبژاردن ئاڵۆزە، چەندین جار سەرۆکەکان دەچنە خولی دووەمی ململانێکانی هەڵبژاردن، چونکە سیستمی زۆرینەی رەها پەیڕەو دەکەن، ئەگەر لە خولی یەکەم بەدەست نەهات دەچنە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان کە ئەمجارە وەکو هەرێمی کوردستان پەیڕەوی لەسیستمی زۆرینەی سادە دەکەن (بڕوانە دەستووری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨- ماددەی ٧).

هەشتەم: کۆکردنەوەی واژووی بەرپرسە گەورەکان بۆ پشتگیری بوون بە سەرۆک. ئەمە جگە لەوەی جیاوازە لەنێوان هەردوو وڵات، چەند لایەنێکی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆ دەگرێت دواتر باسیان دەکەین. سەرەتا بەگوێرەی (ماددەی ٣) لە یاسای ژمارە (٦٢-١٢٩٢)ی ساڵی ١٩٦٢ پەیوەست بە هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار مەرجە بۆ خۆپاڵاوتن و بوونە بە سەرۆک کۆماری فەرەنسا ئەو کەسە بتوانێـت واژووی (٥٠٠) کەسایەتی باڵای وڵات بەدەست بێنێت لە (٣٠) پارێزگای جیاواز (ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەنی نیشتمانی، ئەندامانی ئەنجوومەنی دەستووری، پارێزگاری شارەکان، راوێژکارەکان، نوێنەرانی فەرەنسا لە پەرلەمانی ئەوروپا و هاوشێوەکانی ئەمانە کە هەڵبژێردرابن) (Legifrance.gouv.fr, 2020). ئەم مۆدێلە بەهەمان ژمارە (٥٠٠) واژوو لەعێراق بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو پەیڕەو دەکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستان یاسای کۆمسیۆنی سەربەخۆی خۆی هەیە و هەموو کەسێک مافی خۆپاڵاوتنی هەیە بەگوێرەی ئەو مەرجە یاساییانەی بۆی دانراوە (بڕوانە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق- ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، ماددەکانی نۆزدەم، بیستەم و بیست و یەکەم). دیوی ئەرێنی ئەم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگایە ئەوەیە کە هەموو کەس ناتوانێت ببێتە سەرۆک، واتە تەنها ئەو کەسانە دەبنە سەرۆک کە خاوەن کەسایەتی و پایەی بەرزی ناو کۆمەڵگەی سیاسین و جێگەی متمانەی (٥٠٠) کەسایەتی باڵای وڵاتن. لێرەدا ئەستەمە کەسێک شیاوی ئەو پۆستە نەبێت و ئەو هەموو واژووە قورسە کۆبکاتەوە. ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوودی هەبێت، چونکە لە ماوەی رابردوو خەڵکی زۆر ویستویانە هەر بۆ ناو دەرکردن یان ئامانجی تر خۆیان بپاڵێون و لەئاستی ئەو بەرپرسیاریەتیە نەبوون. دیوی نەرێنی ئەم میکانیزمە روونە کە بەربەستێک دروست دەکات لەبەردەم مافی دیمۆکراسیانەی خۆپاڵاوتن بۆ هەموو کەسێک.

نۆیەم: جیاوازی زۆر لەنێوان دیاریکردنی تەمەنی سەرۆک هەیە. بۆ نموونە لەهەرێمی کوردستان بەگوێرەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥( ماددەی پێنجەم-بڕگەی ١) مەرجە سەرۆک لەکاتی هەڵبژاردن تەمەنی لە (٤٠) ساڵ کەمتر نەبێت. لەبەرامبەردا، مەرجە تەمەنی پاڵێوراوی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا گەیشتبێتە (٢٣) ساڵ (سفارة فرنسا في جمهورية مصر العربية-أ، ٢٠١٠) . واتە فەڕەنسیەکان بۆیان هەیە لەتەمەنێکی زۆر گەنجدا ببنە سەرۆک وڵات.

## 2.5 بەراوردی دەسەڵاتە هاوبەشەکانی هەردوو سەرۆک لەگەڵ حکومەت

یەکەم: مافی لێبوردنی تایبەت

هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەهەردوو وڵات تەنها دەتوانن مافی لێبووردنی تایبەت دەربکەن نەک گشتی. بۆ لێبووردنی گشتی لەفەڕەنسا دەبێت پەرلەمان یاسای بۆ دەربکات (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨٨-١٨٩)، بەڵام بەگوێرەی (ماددەی ١٧) لە دەستووری ئەم وڵاتە، سەرۆک کۆمار مافی لێبووردنی تایبەتی هەیە. لەهەرێمی کوردستان بەپێی (ماددەی دەیەم، بڕگەی شەشەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆک مافی لێبووردنی تایبەتی هەیە لەبەندکراوان بەپێی یاسا. لەهەردوو وڵات ڕێکارەکانی ئەم پرۆسەیە دوابەدوای ئەوەیە کە وەزیری داد و سەرۆکی وەزیران ئامادەکاری بۆ دەکەن و دواتر سەرۆکی وڵات واژووی دەکات (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨٨-٨٩). لەگەڵ ئەمانەدا، سەرۆکی هەرێم مافێکی تری پێدراوە ئەویش واژووکردنی حوکمی لەسێدارەدان یان سووککردنی بۆ بەندکردنی هەتا هەتاییە بەگوێرەی (ماددەی دەیەم، بڕگەی ٧) لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەفەڕەنسا بەهۆی هەوڵەکانی سەرۆک کۆمار لەم وڵاتە ئەم سزایە لابراو یاسای ژمارە

(٨١-٩٠٨)ی ساڵی ١٩٨١ رەتکرایەوە و لە دوایین هەمواری دەستوور لە ساڵی (٢٠٠٨) لەماددەی (٦٦) هاتووە کە سزای لەسێدارەدان لەسەر هیچ کەسێک ئەنجام نادرێت (بڕوانە دەستووری فەرەنسی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٨، ماددەی (٦٦)، هەروەها سفارة فرنسا في جمهورية مصر العربية-ب، ٢٠١٠).

دووەم: دامەزراندن و لادانی وەزیرەکان

بەگوێرەی ماددەی (٨)ی دەستووری فەرەنسا، سەرۆک کۆمار، وەزیری یەکەم (سەرۆک وەزیران) دادەمەزرێنێت و کۆتایشی پێدێنێت[7]. لەهەمان کات، وەزیرەکان و ئەندامانی کابینەکەی دادەمەزرێنێت و لاشیان دەدات بە پێشنیاری وەزیری یەکەم (بڕوانە دەستووری فەرەنسا، ماددەی ٨). لەهەرێمی کوردستان، لە (ماددەی دەیەم، بڕگەی دوازدەم)دا هاتووە کە سەرۆکی هەرێم داوا لە سەرۆک وەزیران دەکات لەماوەی (٣٠) رۆژ کابینەکەی پێک بهێنێت، دواتر لە (بڕگەی سێزدەم)ی هەمان ماددە دوای ئەوەی پەرلەمان سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان لەمتمانە دەخات، سەرۆکی هەرێم پەسەندی دەستلەکارکێشانەوەکانیان دەردەچوێنێ.

سێیەم: دامەزراندنی پلە تایبەتەکان

لکێچوونی زۆر هەیە لەنێوان هەردوو وڵات لەمبارەوە. بەپێی ماددە (١٣)ی دەستووری فەرەنسی، سەرۆک لەگەڵ وەزیری یەکەم هەڵدەستێت بە دامەزراندنی گەورە بەرپرسان، راوێژکارەکان، باڵوێزەکان، نوێنەرە دیپلۆماسیەکان، دیوانی چاودێری، پارێزگارەکان، نوێنەری دەوڵەت لەهەرێمەکان، گەورە ئەفسەران، بەرێوەبەرە ئەکادیمیەکان و فەرمانبەرانی ئەنجوومەنی وەزیران (بڕوانە ماددەی ١٣ی دەستووری فەرەنسا). بەهەمان شێوە، لەهەرێمی کوردستان بەگوێرەی (ماددەی دەیەم، بڕگەی پازدەم) لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆک لەگەڵ وەزارەتی دیاریکراو دوای رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران پلە تایبەتەکان دادەمەزرێنێت و دەتوانێت لاشیان بدات (بە گوێرەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواکراو).

[7] سەرۆک کۆمار سەرۆک وەزیران دادەمەزرێنێت، بەڵام ناتوانێت لەسەر کار لایبدات، تەنها ئەگەر خۆی داوای دەست لەکارکێشانەوە بکات. لەراستیدا، سەرۆک کۆمار ئەگەر کێشەی هەبێت لەگەڵ سەرۆک وەزیران ئەوا دەتوانێت ناچاری بکات دەست لەکاربکێشێتەوە و دواتر خۆی ئەم دەست لەکارکێشانەوەیە پەسەند دەکات و لایدەدات.

## 2.6 بەراوردی دەسەڵاتی هەردوو سەرۆک لە پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمان

یەکەم: گەڕاندنەوەی یاساکان بۆ پەرلەمان

لەهەردوو وڵات، دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەدەستوور و یاسا رێگەیان پێدراوە کە پڕۆژە یاساکان بگەڕێننەوە پەرلەمان تاوەکو دووبارە گۆڕانکاری تێدا بکەن. هەردوو وڵات لە (ماددەی دەیەم) ئەو رێپێدانەیان کردووە. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەهەرێمی کوردستان بەگوێرەی (ماددەی دەیەم-بڕگەی یەکەم) ئەو مافەی پێدراوە و لە فەرەنساش دەستوور بە (ماددەی ١٠) مافی رەتکردنەوە و گەڕاندنەوەی یاساکانی داوەتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

لەفەرەنسا سەرۆکی کۆمار دوای (١٥) رۆژ لەدەرچوونی یاساکە لەپەرلەمان و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار بڕیار لەسەر یاساکە دەدات بەگوێرەی (ماددە١٠)ی دەستووری فەرەنسا، بەڵام وەکو هەرێمی کوردستان لەفەرەنساش ئەگەر بۆ جاری دووەم پەرلەمان ناردیەوە ئەوا بڕیاری پەرلەمان یەکلاکەرەوە دەبێت. هەرچەندە لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراودا لە (ماددەی دەیەم بڕگەی یەکەم)دا هاتووە کە دوای گەیشتنی بەدەستی سەرۆک، دەبێ لەماوەی (١٠رۆژ) دا بڕیاری خۆی لەسەر یاساکە بدات، بەڵام چوار ساڵ دواتر لەهەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم وەکو فەرەنسای لێکرایەوە و سەرۆک لەماوەی (١٥) رۆژ وەڵامی پڕۆژە یاسا پەسندکراوەکانی پەرلەمان دەداتەوە بەڕازیبوون یان رەتکردنەوە بۆ هەمواری تر (بڕوانە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، ماددەی یەکەم بڕگەی ١)، بەڵام بۆ جاری دووەم کە پەرلەمانی کوردستان پێدادەچێتەوەو دەنگی لەسەر دەداتەوە، بڕیاری پەرلەمان یەکلاکەرەوە دەبێت " یان بەرای سەرۆکی هەرێم وەردەگیرێت و راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند تاوتوێ دەکرێت یان بەدەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان پێداگیری لەسەر رای خۆی دەکات و ئەمجارەش رای پەرلەمان رەتناکرێتەوە" لەم دانیشتنەدا سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دەتوانێت ئامادەبێت (بڕوانە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، ماددەی ٩٥، بڕگەی یەکەم و دووەم).

دووەم: داواکردنی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نائاسایی لەلایەن پەرلەمان

لەماددەی (٢٩)ی دەستووری فەڕەنسا هاتووە کە سەرۆکی کۆمار بە مەرسومێک داوا دەکات پەرلەمان کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجامبدات. وەکو سەرۆک کۆماری فەڕەنسا، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی هەیە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نائاسایی (بڕوانە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠١٨، ماددەی هەشتەم برگەی دووەم، هەروەها ماددەی نۆیەم بڕگەی سێیەم).

سێیەم: دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان

هەردوو سەرۆک وڵات مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیان هەیە. لەفەڕەنسا سەرۆک کۆمار بەپێی (ماددەی ١٢)ی دەستووری ساڵی ١٩٥٨ دەتوانێت ئەم کارە بکات بەم مەرجانە (بڕوانە دەستووری فەڕەنسا ماددەی (١٢)، عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨٥-١٨٦):

١- لەبارەی هەڵوەشاندنەوەکە سەرۆک راوێژ بە وەزیری یەکەم و سەرۆکی ئەنجوومەنەکانی نیشتمانی دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی پابەند بێت بە بۆچوونەکانیان.

٢- ئەنجامدانی هەڵبژاردن دوای ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە (٢٠) رۆژ و زیاتر نەبێت لە (٤٠) رۆژ دوای هەڵوەشاندنەوەکە.

٣- نابێت ئەنجوومەنی نیشتمانی لەو ساڵەدا هەڵبوەشێنێتەوە کە هەڵبژاردنی تێدا کراوە و هەروەها نابێت لەساڵێکدا دووجار ئەمە رووبدات.

٤- کۆبوونەوەی پەرلەمان لە پێنج شەممەی دوای هەڵبژاردنەوە بکرێت.

٥- بەگوێرەی (ماددەی ١٦)ی دەستووری فەڕەنسا رێگە نادرێت بە سەرۆک بۆ ئەداکردنی ئەم دەسەڵاتە بەشێوەیەکی نائاسایی.

لە هەرێمی کوردستانیش سەرۆک بەگوێرەی (ماددەی دەیەم- بڕگەی چوارەم) دەتوانێت ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام بەچەند مەرجێک (بڕوانە ماددەی چوارەم – بڕگەی چوارەم لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥):

١- ئەگەر هاتوو نیوەی ئەندامەکان دەستیان لەکار کێشایەوە.

٢- ئەگەر (٤٥) رۆژ لەدوای هەڵبژاردنەوە رێژەی یاسایی بۆ کۆبوونەوە بەدەست نەهات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣- پەرلەمان سێ کابینەی وەزاری یەک لەدوای یەک رەتبکاتەوە کە لەلایەن سەرۆکەوە بۆی رەوانە دەکرێت.

٤- هەروەها لەکاتی گۆڕانی سیستمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەن کە شەش مانگ یان کەمتر مابێ ئەوا سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە.

جگە لەمانەش، هەمان دەسەڵات درایەوە بە سەرۆکی هەرێم بە سێ مەرجەکەی یەکەم لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ماددەی (٥٦) (بابان، ٢٠١٥، ل٣٤).

چوارەم: مافی موخاتەبەکردنی پەرلەمان

سەرۆکی فەرەنسا نامە دەنێرێت بۆ پەرلەمان و دەخوێندرێتەوە، بەڵام گفتوگۆ ناکرێت. پەرلەمان تایبەت بۆ ئەم نامەیە کۆدەبێتەوە (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨٧). بە پێی (ماددەی ١٨) لە دەستووری ساڵی ١٩٥٨ سەرۆک کۆمار لە رێگەی نامەوە دەتوانێت ئاڵوگۆڕی بکات لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتیمانی و سینات و نامەکان دەخوێندرێنەوە، بەڵام گفتوگۆیان لەبارەوە ناکرێت. لە ساڵی ٢٠٠٨ وەوە سەرۆک کۆمار دەتوانیت لەبەردەم پەرلەمان لە کۆنگرەی هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی و سینات کە بۆ ئەم مەبەستە کۆبنەوە وتار پێشکەش بکات، لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆک کۆمار، دەکرێت گفتوگۆ لەبارەی وتارەکەی بکرێت، بەڵام دەنگدانی لەبارەوە ناکرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت هەردوو ئەنجومەنەکە کۆبوونەوەی تایبەت رێک بخەن لە دەرەوەی دانیشتنی ئاسایی خۆیان. ئەم جۆرە لە پەیوەندی لە هەرێمی کوردستان لە ناو یاساکاندا بوونی نیە.

پێنجەم: پەرلەمان ناتوانێت دەسەڵات لە سەرۆک وەربگرێتەوە

بەهۆی ئەوەی سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، تەنها لەکاتی ناپاکی (خیانەت) نەبێ، پەرلەمان ناتوانێت دەسەڵاتی لێوەربگرێتەوە. لەفەرەنسا، پەرلەمان دەتوانێت متمانە لەسەرۆکی حکومەت و کابینەکەی وەربگرێتەوە و ناچاریان بکات بە دەست لەکارکێشانەوە، بەڵام ناتوانێت متمانە لەسەرۆکی وڵات وەربگرێتەوە بەگوێرەی دەستوور و یاساکانی ئەم وڵاتە (Kesselman, 2012, P. 112، الشکراوی، ص٢، ٢٠١٢، بڕوانە ماددەکانی ٦٧٦٨ی دەستووری فەرەنسا). لەگەڵ ئەوەشدا، لە ماددەی (٧)ی دەستووری فەرەنسا بەهۆی چەند هۆکارێکی تر سەرۆک دەسەڵات لەدەست دەدات بەهۆی مردن، نەمانی ئەهلیەی یاسایی یان ئەگەر مؤهل نەبوو). لەهەرێمی کوردستانیش، بەهۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەبوونی دەستوور و تەنانەت بە گوێرەی ڕەشنوسەکانی دەستووریش، پەرلەمان ناتوانێت متمانە لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێتەوە و لەکارەکەی دووری بخاتەوە تەنها لەکاتی تۆمەتبارکردن بە ناپاکیەکی گەورەی نیشتیمانی نەبێت کە ئەم دەسەڵاتە لەرەشنووسی دەستوور (ماددەی ٥٣ دراوەتە دادگای دەستووری بەهەمان شێوەی فەرەنسا. ئەمەش دوای ئەوەی لەلایەن زیاتر لە $\frac{٢}{٣}$ ی پەرلەمانی کوردستانەوە تۆمەتبار دەکرێت[8] (احمد، ٢٠١٣، ٤٩٣، هەروەها پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٠٩، بابان، ٢٠١٥، ل٣١-٣٦). بەچەند هۆکارێکی تریش سەرۆکی هەرێم دەسەڵات لەدەست دەدات بەگوێرەی (ماددەی شازدەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەک، لەسەر داوای خۆی یان نەتوانێ لەبەر هەر هۆیەک ئەرک و فەرمانەکان هەڵسوڕێنێ، و هۆکارێکی تر کە یاساکە دیاری نەکرووە کە بۆچی دەسەڵاتی بە پەرلەمان داوە کە بەرێژەی $\frac{٣}{٤}$ ی دەنگەکانی متمانە لە سەرۆکی هەرێم وەربگرێتەوە (بڕوانە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥).

شەشەم: سەرۆک ناتوانێت پڕۆژە یاسا بۆ پەرلەمان بنێرێت

هەردوو سەرۆک ناتوانن پڕۆژە یاسا بنێرن بۆ پەرلەمان بەشێوەیەکی راستەوخۆ (جگە لەکاروباری دامەزراوەی سەرۆکایەتی). لەفەرەنسا سەرۆکی کۆمار بەگوێرەی دەستوور و یاساکان ناتوانێـت ئەم کارە بکات، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەرێگەی حکومەت دەتوانێت ئەنجامی بدات بەگوێرەی (ماددەی ٩) لەدەستووری فەرەنسا کە سەرۆکی دەسەڵاتی راپەڕاندنە و بەوپێیەی کە دەستوور رێگەی داوە بە پەرلەمان پڕۆژە یاسا بداتە پەرلەمان، لەوێدا دەتوانێت بەناوی ئەنجوومەن ئەو کارە بکات نەک سەرۆک بەخۆی تەداخلی دەسەڵاتی یاسادانان بکات (میسروب، ٢٠١٦، ص٢٨-٢٩). بەهەمان شێوە، بەگوێرەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێم ناتوانێت ئەم کارە بکات و هیچ ماددەیەک لەمبارەیەوە نەهاتووە، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین وەکو فەرەنسا کە سەرۆکی هەرێم

[8] ئەمەش کارێکی یەکجار ئەستەمە، چونکە سەرۆک زیاتر لەم رێژەیە لایەنگری هەیە لەناو پەرلەمان ئینجا بووە بە سەرۆک. هەروەها لەهەرێمی کوردستان بەگوێرەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی ساڵی ٢٠٠٩، تەنها دادگای دەستووریی دەبێتە چاودێر بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم ئەگەر داوایەک پێشکەشکرا بۆ دەستووری نەبوونی یاساکانی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی (بڕوانە پەرلەمانی کوردستان، ماددەی ٩٥، ل ٥٠-٥١، احمد، ٢٠١٣، ٥٠٥).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەتوانێت پرۆژە یاسا بداتە پەرلەمان، ئەوا سەرۆک لەوێوە بەناڕاستەوخۆ ئەم کارە دەکات، ئەمە جگە لەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێت پێشنیاری پرۆژە یاسا و بڕیاری تایبەت بکات، بەڵام ئەمە دەبێ تەنها تایبەت بێ بەدەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم ئینجا بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی بنێرێت بەگوێرەی (ماددەی یەکەم، برگەی یەکەم لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواکراو). هەرچەندە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان (ماددەی ٦٥- بڕگەی یەکەم) سەرۆک مافی پێدراوە کە پرۆژە یاسا بۆ پەرلەمان بنێرێت (بڕوانە پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٠٩، ل٣٧)، بەڵام ئەمە وەکو باسکرا نەچووە بواری جێبەجێکردن.

## 3. بەراوردکاری دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران لەنێوان هەردوو وڵات

### 3.1 جیاوازی و لێکچوونی پێکهاتەی وەزارەتەکانی هەردوو حکومەت

بەهۆی ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسی خاوەن چەند تایبەتمەندیەکی جیاوازە لە کۆمەڵگەکانی تر، ئەمە لەلایەک رەنگدانەوەی لەسەر سیستمە سیاسیەکەی ئەم دەوڵەتە دەبێت و لەلایەکی ترەوە وایکردووە کە دەوڵەتان حکومەتەکانیان بەگوێرەی پێویستیەکانی ئەو سیستمە دابڕێژن. ئەگەرچی لێکچوون و لێکنزیکی هەیە هەم لە رێژەی وەزارەتەکانی هەردوو وڵات و هەم لە جۆری وەزارەتەکان، بەڵام هەروەکو باسکرا هەریەک لە سیستمەکان بەگوێرەی پێویستی قۆناغەکانی ژیانی سیاسی حکومەتەکانیان چەند وەزارەتێکی جیاوازیان هەیە. وەزارەتەکانی (ناوخۆ، پەروەردە، خوێندنی باڵا، تەندروستی، داد، هێزی سەربازی (پێشمەرگە)، گواستنەوە، دەرەوە[9]و وەزارەتی دەوڵەت (هەرێم) بۆ کاروباری پەرلەمانی لەنێوان هەردوو لا هاوبەشن و بوونیان هەیە[10] Gouvernment Liberte ) Egalite Fraternite,، حکومەتی هەرێمی کوردستان-ب،٢٠٢٠).

---

[9] لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نیە، کاروبارەکانی دەرەوەی لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبات.

[10] وەزارەتەکانی حکومەتی فەرەنسا بریتین لە: وەزارەتەکانی داد، کاروباری ئەوروپا، هێزە سەربازیەکان، ژینگە و گواستنەوەی گشتی، تەندروستی، دارایی و ئابووری، کار، پەروەردەی نیشتمانی و گەنجان، کاروباری گشتی و ژمێریاری،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرامبەردا، هەرچەندە فەڕەنسا دەوڵەتێکی گەورەیە بەتوانای ئابووری، مێژوو، رووبەری زەوی، هێزی ناوخۆ و دەرەوە، رێژەی دانیشتوان و چەندین تایبەتمەندی تر، بەڵام هێشتا هەرێمی کوردستان ژمارەی وەزارەتەکانی زیاترە. حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی (١٩) وەزارەتی فعلی و سێ وەزارەتی هەرێمییە[11] کە دەکات (٢٢) وەزارەت، بەڵام فەڕەنسا (١٥) وەزارەتی فعلی و (٤) وەزارەتی کاروباری دەوڵەتی هەیە کە هەموویان دەکەنە (١٩) وەزارەت. ئەمە جگە لەوەی کە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لەو بوارانەی کە فەڕەنسا وەزارەتی بۆ دابینکردوون، هەرێمی کوردستان چەندین فەرمانگە و دەستەی دامەزراندوون[12].

ناوخۆ، خوێندنی باڵاو توێژینەوە و داهێنان، هەماهەنگی هەرێمەکان و پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتە ناوخۆییەکان، دەرەوە، کولتوور، کشتوکاڵ و خۆراک، هەروەها وەزارەتی وەرزش. یەک وەزیری دیکەی هەیە بۆ پەیوەندییەکانی پەرلەمان و سێ سکرتێری دەوڵەت: وتەبێژی حکومەت، سکرتێری دەوڵەت بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و سکرتێری دەوڵەت بۆ یەکسانی نیوان ژن و پیاو و نەهێشتنی جیاکاری (See Gouvernment Liberte Egalite Fraternit, 2020).

لەبەرامبەردا، وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمانەن: داد، ناوخۆ، کاروباری پێشمەرگە، دارایی و ئابووری، تەندروستی، پەروەردە، ئەوقاف و کاروباری ئایینی، خوێندی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پلاندانان، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و لاوان، کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بازرگانی و پیشەسازی، گواستنەوە و گەیاندن، کارەبا، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون، شارەوانی و گەشتوگوزار، سامانە سروشتییەکان. بەهەمان شێوەی فەڕەنسا، حکومەتی هەرێم چەند وەزارەتێکی دەوڵەتی هەیە بۆ کاروباری پەرلەمان، پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراق و کاروباری پێکهاتەکان (حکومەتی هەرێمی کوردستان-أ، ٢٠٢٠).

[11] ئەمە لەکابینەی هەشتەم زیادکرا بەیاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن پەرلەمانی کوردستان (بڕوانە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٤ لە یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو، ماددەی (١) بڕگەی دووەم).

[12] بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە وەکو فەڕەنسا، بۆیە لەجیاتی وەزارەتی دەرەوە، فەرمانگەیەکی حکومیی هەیە بەناوی (فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە) کە کاروباری سیاسەتی دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەبات. چەند فەرمانگەیەکی تر هەن کە سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستانن وەکو فەرمانگەی میدیا و زانیاری (وتەبێژی حکومەت)، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، فەرمانگەی تەکنۆلۆژیای زانیاری، فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان. لەگەڵ ئەمانەشدا چەند دەستە و ئەنجوومەنێکی تر هەن راستەوخۆ سەر بەحکومەتن وەکو دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، دەستەی وەبەرهێنان، دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3.2 بەراوردکاری دەسەڵاتەکانی حکومەتی فەڕەنسا[13] و حکومەتی هەرێمی کوردستان[14]

لێرەشدا چەندین لێکچوون و جیاوازی هەن لەنێوان دەسەڵاتەکانی هەردوو حکومەت کە دەکرێت بەمشێوەی خوارەوە بخرێنەڕوو:

یەکەم: داڕشتنی سیاسەتی گشتی وڵات و جێبەجێکردنی

بەگوێرەی (ماددەی ٢٠)ی دەستووری فەڕەنسا، حکومەت سیاسەتی گشتی نیشتمانی دادەڕێژێت و جێبەجێی دەکات. لەهەمان ماددەدا، حکومەت رێکارەکانی خزمەتی مەدەنی و هێزە چەکدارەکانیش بەرکار دەکات و بۆ ئەم مەبەستە بەرپرسە بەرامبەر بە پەرلەمان بەگوێرەی (ماددەکانی ٤٩-٥٠) ی هەمان دەستوور. بەهەمان چەشن، لەهەرێمی کوردستان ئەرکی حکومەت داڕشتنی سیاسەتی گشتی وڵات و چۆنیەتی جێبەجێکردنیەتی (حەکیم، ٢٠١٧، ل ١٦٣). هەرچەندە بەگوێرەی (ماددەی دووەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢، وەکو باڵاترین دەزگای جێبەجێکردن دانرا، بەڵام دواتر بەهۆی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ و دواتر هەمان یاسای هەموارکراو لە ساڵی ٢٠٠٦ کە سەرۆکی هەرێم بووە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بۆیە بەگوێرەی یاسا، ئەنجوومەنی وەزیران کرایە " باڵاترین دەستەی جێبەجێکردن" (بڕوانە یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی ٢٠٠٦، یاسای هەموارکردنی حەوتەمی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان عێراق، ژمارە (٣) بۆ ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکرا). بەگوێرەی هەمان یاسای ساڵی ١٩٩٢

---

هەرێم، دەزگای گشتی کاروباری مین، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، ئەکادیمیای کوردی (حکومەتی هەرێمی کوردستان-ب، ٢٠٢٠).

[13] تەنها لە چوار ماددەی کورت باسی دەسەڵاتەکانی حکومەت (وەکو حکومەت بەتەنها)کراوە لەدەستووری فەڕەنسی، ئەوەیتر لەگەڵ سەرۆک کۆمار و پەرلەمانە (بڕوانە ماددەکانی ٢٠-٢١-٢٢-٢٣، لەدەستووری فەڕەنسی ١٩٥٨ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٨).

[14] ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو کاردەکات و لەو ساڵەوە (١٩٩٢) تاوەکو ئێستا (٢٠٢٠) نۆ کابینەی حکومەت هەبووە لەهەرێمی کوردستان (حەکیم، ٢٠١٧، ل ١٦١). ئەم یاسایە تاوەکو ئێستا (٢٢) جار هەموارکراوەتەوە (عەلائەددین، ٢٠١٨، ل ١٤٣).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(ماددەی هەشتەم، بڕگەی (١) ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی دانانی سیاسەتی گشتی هەرێم و سەرپەرشتی کردن و بەجێهێنانی پێدراوە.

دووەم: دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەوڵەت

لەدەستووری فەرەنسا (لەمادده ٢١) هاتووە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاروبارەکانی دەوڵەت بەڕێوە دەبات و بەرپرسە لە بەرگری نیشتمانی و دامەزراندنی فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی (بەگوێرەی هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆک کۆمار وەکو لە شیکردنەوەی ماددەی ١٣ی دەستوورەکە باسکرا). لەهەرێمی کوردستان، یاسای ئەنجوومەنی وەزیران رێگەی داوە بە ئەنجوومەن کە فەرمانبەرانی دام و دەزگاکان دابمەزرێنێت. جگە لەفەرمانبەرانی باڵا یان خاوەن پلە تایبەتەکان کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە بەرزدەکرێتەوە و دواتر وەکو سەرۆکی کۆماری فەرەنسا لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەبێت راستاندن (تصديق)یان بۆ بکرێـت و دابمەزرێن (بڕوانە حەکیم، ٢٠١٧، ل ١٦٤، بڕوانە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢، ماددەی دەیەم، بڕگەی ١١).

سێیەم: دانانی بودجەی وڵات

لەهەرێمی کوردستان دانان و رێکخستنی بودجە کاری سەرەکی حکومەتەوە و لەدوای ئەوەی کە وەزارەتەکانی پلان دانان و دارایی و ئابووری ئەم پلانە رێک دەخەن، حکومەت دەینێرێتە پەرلەمان (شەریف، ٢٠١٩، حەکیم، ٢٠١٧، ل ١٦٣، یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، ماددەکانی ٩٨-١٠٤). هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، لە فەرەنسا حکومەت بەگوێرەی (ماددەی ٧٠)ی دەستوور، پڕۆژە یاسایەک سەبارەت بە بودجەی گشتی دەنێرێتە پەرلەمان و بەهەماهەنگی و راوێژی هەردوولا ئەم کارە مەیسەر دەبێت. بەگوێرەی (ماددەکانی ٣٤، ٣٩ و ٤٧) لە دەستووری ١٩٥٨ ئەم بابەتە رێکخراوە، هەروەها بەگوێرەی یاسای دەستووری ژمارە ( ٢٠٠١-٦٩٢ ) لە ساڵی ٢٠٠١ پەیوەست بە یاسا داراییەکان حکومەت مۆنۆپۆڵی بابەتە داراییەکان دەکات لە رێگەی پێشکەشکردنی پڕۆژە یاساوە لەوانەش بودجە.

چوارەم: دانانی پڕۆژە یاسا و ناردنی بۆ پەرلەمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەردوو ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی ئەوەیان پێدراوە بەگوێرەی دەستوور و یاسای هەردوو وڵات کە پرۆژە یاسا بنێرنە پەرلەمان. لە فەرەنسا دەستوور لە (ماددەی ٣٩) ئەو دەسەڵاتەی داوەتە وەزیرەکان کە بەووردی پرۆژەکان رێکبخەن و دواتر حکومەت دەیباتە ئەنجوومەنی دەوڵەت و گفتوگۆی چڕی لەسەر دەکرێـت هەتا دەگەیەنرێتە پەرلەمان و لەوێش بەهەماهەنگی لەنێوان حکومەت و پەرلەمان کار لەسەر پرۆژەکە دەکرێـت و دوای پەسەندکردنی دەنێردرێت بۆ سەرۆک کۆمار بۆ پەسەندکردنی کۆتایی و ناردنەی بۆ بواری جێبەجێکردن. بەهەمان شێوە، لە دەسەڵاتەکانی بواری جێبەجێکردن سەرۆکایەتی هەرێم بەگوێرەی هەمواری ساڵی ٢٠٠٩ ماددەی یەکەم، بڕگەی (١)، تەنها مافی هەیە ئەو پرۆژە یاسایانە بۆ پەرلەمان بنێرێت کە تایبەتە بەو دەسەڵاتانەی کە لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم هاتووە (بڕوانە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواکراو)، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران لەهەرێمی کوردستان دەتوانێت هەر پرۆژە یاسایەک بنێرێت بۆ پەرلەمان تاوەکو گفتوگۆ و خوێندنەوەی لەسەر بکرێت و دواتر دەنگی لەسەر بدرێت (بڕوانە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، ماددەی ٨٣، بڕگەی یەکەم و ماددەی ٧٨، بڕگەی دووەم، ماددەی ٨٨، بڕگەی دووەم).

پێنجەم: ڕەوایەتی گەل بۆ وەزیرەکان

لەفەڕەنسا وەزیرەکان ڕەوایەتی زیاتری گەلیان هەیە، چونکە وەزیرەکان پەرلەمانتارن، دوای ئەوەی دەبنە وەزیر، نابێت هەردوو پۆست بگرنە ئەستۆ، بۆیە دەبێـت لە پەرلەمانتاری بکشێنەوە (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٩٠). لەهەرێمی کوردستان بەپێچەوانەوەیە، وەزیرەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە دیاری دەکرێن بێ ئەوەی خەڵک دەنگی پێدابن دەسەڵاتی وڵات بەڕێوە دەبەن.

شەشەم: ناونیشانی سەرۆک وەزیران

جیاوازی لەناوهێنانی سەرۆکوەزیران هەیە لەنێوان هەردوو سیستمەکە. بەگوێرەی دەستووری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨، زاراوەی وەزیری یەکەم بەکاردێت لەجیاتی زاراوەی سەرۆکوەزیران کە پێشتر بەگوێرەی دەستووری ساڵی ١٨١٥ بەکاردەهات (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨٤)، بەڵام لەهەرێمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردستان تاوەکو ئێستا تەنها زاراوەی سەرۆک وەزیران و سەرۆکی حکومەت بەکاردێت لەیاساکان (بڕوانە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری یەکەمی ساڵی ٢٠١٩).

**3.3 پەیوەندی ئەنجوومەنی وەزیران بە پەرلەمان**

یەکەم: لەسیستمی سیاسی هەردوو وڵات هاوکاری و چاودێری نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن هەیە. لەفەرەنسا پەرلەمان چاودێری و هاریکاری حکومەت دەکات و لێپرسینەوە و متمانەش وەردەگرێتەوە لەوەزیرەکان و حکومەت[15]. بەهەمان شێوە دەستوور مافی داوە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کەداوای کۆبوونەوەی پەرلەمان بکات و کۆتایی بەوادەی پەرلەمان بێنێت پێش تەواوکردنی وادەی ئاسایی خۆی و پێشنیاری پەسەندکردنی یاساش بکات. واتا هەر مافێک بەلایەکیان درابێت بەلایەکەی تریش دراوە بۆ مەبەستی هاوسەنگی (عبدالله و رشید، ٢٠١٥، ل١٨٢). بەگوێرەی (ماددەی سێزدە) یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢، وەزیرەکان (نەک سەرۆک وەزیر خۆی) بەرپرسیارە بەرامبەر بە پەرلەمان سەبارەت بە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی وەزارەتەکەیان. زیاتریش لەمە، لەماددەی پازدەمی هەمان یاسای ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە کە " ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆی هەیە هەر وەزیرێک بدا بە دادگا سەبارەت بە تاوانێک کە لەکاتی بەجێهێنانی فەرمانەکەی یا بەهۆیەوە درابێتە پاڵی. پێشنیازی تاوان درانە پاڵکە دەبێ بەلایەنی کەمەوە لەلایەن چواریەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە بێ و بڕیاری بەدادگا دانەکەی لەلایەن دوو لە سێ بەشی ئەندامانی یەوە....".

دووەم: لەهەردوو سیستمەکە، حکومەت دەتوانێت پرۆژە یاسای پێویست بداتە پەرلەمان. بەتێڕوانین لەدەروازەی پێنجەم بۆ بابەتی پەیوەندی حکومەت و پەرلەمان لەفەرەنسا و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە هەمواری یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، بۆمان دەردەکەوێت کە هاوشێوەی زۆر هەیە

---

[15] لە ساڵی 1966 ەوە چیتر متمانەدانی پەرلەمان کارێکی بەزۆر(اجباری) نیە. بەپێی (ماددەی 49) لە دەستووری ساڵی 1958 ئەگەر سەرۆک وەزیران بە پێویستی بزانێ ئەوا بەرنامەکەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی دەخاتەڕوو ئەمەش وەک نەریتێکی سیاسی لێهاتووە بۆ زیاتر نیشاندانی پاڵپشتی زۆرینەی ئەنجومەنی نیشتمانیە بۆ کابینەی حکومەت. بە پێی (ماددەی ٥٠) ئەگەر ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاریدا بە لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەت یان بەیانکردنی سیاسەتەکانی ڕەتکردەوە، ئەوا دەبێت سەرۆک وەزیران دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی پێشکەش بە سەرۆک کۆمار بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەنێوان هەردوو سیستمەکە. بۆ نموونە لەدەستووری فەڕەنسا لە (ماددەی ٣٤) زۆر بەدرێژی باسی چەندین پرسی سیاسی، کارگێری، ئابووری، باج، بەرگری و سەربازی، کۆمەڵایەتی و چەندین پرسی تری کردووە کە بۆ ئەم مەبەستە حکومەت یاساکان دادەڕێژێت و بەهەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان و دواتر پەرلەمان پەسەندی دەکات وەکو یاسا، دوایین جار سەرۆکی کۆمار یاساکە تصدیق دەکات (بڕوانە ماددەی ٣٤ لەدەستووری فەڕەنسا). بەهەمان شێوە لەهەرێمی کوردستان حکومەت مافی پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای هەیە بۆ پەرلەمان.

سێیەم: لەهەردوو وڵات دیوانی چاودێری دارایی سەر بە دەسەڵاتی یاسادانانە و تایبەتە بە چاودێری کاروبارەکانی دارایی و خەرجی حکومەت. ئەمە یەکێک لەناوەندە بەهێزەکانی نێوان هەردوو دەسەڵاتە لەم وڵاتانە و بەهۆیەوە پەیوەندی بەردەوام هەیە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتەکە. لەفەڕەنسا وەکو دەزگایەکی هاریکاری حکومەت ناوزەد کراوە کە چاودێری جێبەجێکردنی یاساکانی دارایی و ئابووری و یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی (الضمان الاجتماعي) دەکات (بڕوانە دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٩٥٨، ماددەی ٤٧-٢). لەسەر هەمان سیستمی فەڕەنسی، هەرێمی کوردستان دیوانی چاودێری دارایی لەژێر دەسەڵاتی یاسادانان داناوە بەگوێرەی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨، ماددەی سێیەم، ئەم دەزگایە چاودێری کاروباری دارایی وڵات، موچە و بوارەکانی تایبەت بەم پرسانە دەکات (بڕوانە یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨).

### 3.4 بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی پەرلەمان بەرامبەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن

هەرچەندە لەسیستمی سیاسی فەڕەنسا لەسەر بنەمای دەستووری ساڵی ١٩٥٨ پەرلەمان دەسەڵاتی کەمە لەرووی کردارییەوە (احمد، ٢٠١٣، ل ٤٧٥-٤٧٦)، بەڵام لەهەرێمی کوردستان پەرلەمان دەسەڵاتی زیاتری هەیە. بەووردبوونەوە لە سیستمی سیاسی هەردوو وڵات و شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیان، بۆمان دەردەکەوێت کە بەپێچەوانەی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فەڕەنسا دەسەڵاتێکی زۆرتری لەپەرلەمان پێدراوە لە دەستووری کۆماری پێنجەم (بڕوانە دەستووری فەڕەنسای ساڵی ١٩٥٨ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٨، (AlKharusim, 2014, P. 3 بەم شێوەیەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکەم: ماددەی (٣٨)ی دەستووری فەڕەنسا داوا لەپەرلەمان دەکات کە واز لە ئەرکی یاسادانان بێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەبەرژەوەندی حکومەت، ئەگەر حکومەت بەپێویستی زانی وەکو یاسادانەر کاربکات بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی (بڕوانە ماددەی ٣٨ی دەستووری فەڕەنسا). ئەمە پێی دەڵێن یاسا رێکخستنەکان (Ordonnance) یان رێکارەکان کە بەیاسا هەژمار دەکرێت. لە هەرێمی کوردستان بەگوێرەی (ماددەی دەیەم، بڕگەی پێنجەم) لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم " کاتێک هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسیەکەی یان ئاسایشی گشتی هەرێم یان دام و دەزگا دەستووریەکانی بکەونە مەترسیەکی ئەوتۆوە، هەڕەشە لەبوونی بکا، ئەنجوومەنی نیشتمانی نەتوانێت کۆببێتەوە، ئەوە، لەوبارەدا سەرۆکی هەرێم دوای راوێژ و رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیارگەلێک دەردەچوێنێ کە هێزی یاساییان هەیە.

دووەم: لە ماددەی (٢٨) لەدەستووری فەڕەنسا دیسان فشار هەیە لەسەر پەرلەمان کە ناتوانێت چاودێر بێت بەسەر حکومەتەوە، چونکە کارەکانی پەرلەمان لەماوەیەکی کاتی و دیاریکراو بەرتەسککردۆتەوە لەبەر ئەوەی کە دانیشتنە ئاساییەکانی تەنها (١٢٠) رۆژە بەگوێرەی دەستوور و لەمانگی ئۆکتۆبەر دەست پێ دەکات و لە حوزەیران کۆتایی دێت. لەهەرێمی کوردستان پەرلەمان بەگوێرەی دوایین هەمواری پەیڕەوی ناوخۆیی لەساڵی ٢٠١٩، وەکو فەڕەنسا دوو وەرزی کارکردنی هەیە، (وەرزی بەهارو وەرزی پایز) هەروەها ماف دراوە بەسەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەن یان سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان کە داوا بکەن کاتی کارکردن درێژ بکرێتەوە یاخود پرۆژەکان تەواو بکرێن (بڕوانە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری یەکەمی ساڵی ٢٠١٩).

سێیەم: ماددەی (٤٤) لەدەستووری فەڕەنسا مافی ئەوەی بە حکومەت داوە کە ئەنجوومەنی نیشتمانی ناچاربکات کە ئەولەویەت بە پرۆژەکانی بدات و قبوڵی پرۆژەکەشی بکات بەتەواوی لەگەڵ ئەو هەمووارکردنەوەی حکومەت دەیکات. دواتر بە فەرزکردنی یەک سیستمی دەنگدان لە پەرلەمان، واتا نەچێتە خوێندنەوەی دووەم و پرۆژەکەشی تێپەڕێنێ بە یەک پاکێج نەک بەند بە بەند بخوێندرێتەوە (بڕوانە دەستووری فەڕەنسی ماددی ٤٤). بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن حکومەت دەنێردرێن دەبێت بەپەلە لەلایەن لیژنەکانەوە راپۆرتی لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامادە بکرێت و راستەوخۆ لەیەکەمین دانیشتن هەر دوای گەیشتنی خوێندنەوەی بۆ بکرێت (بڕوانە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٨، بەشی هەشتەم).

## 4. دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

توێژەر لە ئەنجامی ئەو بەراوردکاریانەی سەرەوە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

### 4.1 دەرئەنجامەکان

یەکەم: توێژینەوەکە دەریخست کە لێکچوونی زۆر لەنێوان هەردوو سیستمەکە هەیە. هەردوو سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن گەل هەڵدەبژێردرێن، هەردووکیان سەرۆکایەتی ئەم دەسەڵاتە جێبەجێکاریانە دەکەن، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، سیاسەتی دەرەوە، هێزە چەکدارەکان، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران، راسپاردنی سەرۆکی حکومەت بۆ پێکهێنانی کابینە، مەرسومی دامەزراندنی وەزیر، دادوەر و پلە باڵاکان و لەهەمان کات لێسەندنەوەی متمانەیان، بەکارهێنانی دەسەڵات لەکاتی نائاسایی، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان...و ئەمانە و چەندین دەسەڵاتی تر کە تەنها لەم بەراورکارییە کورتەدا دەردەکەوێت کە زیاتر لە (٥٣) لێکچوون لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەیە ئەمە جگە لە دەسەڵاتەکانی تر، ئەمەش پێمان دەڵێت کە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان زیاتر لەهەر سیستمێکی تر، لە سیستمی سیاسی فەڕەنسا نزیکە.

دووەم: بەووردبوونەوە لە پێشخانی سیاسی و فەلسەفەی سیاسی هەردوو وڵات، بۆمان دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان لەداڕشتنی یاسا بنەڕەتیەکانی وڵات، سوودی لەدەستوور و یاساکانی فەڕەنسا وەرگرتووە[16] بۆ بەرێوەبردنی سیستمە سیاسیەکەی. بە جێبەجێکردنی یاساکانی دەسەڵاتی

---

[16] یەکێک لە داڕێژەرانی یاسا بنەڕەتیەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ د. سعدی اسماعیل بەرزنجی بوو (بڕوانە بڕیاری سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستان لە رێکەوتی ١٩٩٢/٤/٨، یادداشتێکی روونکەرەوەی لیژنەی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە پێشەکی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، ل ١١٠). ناوبراو ئەوکات راگری کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین بوو و هەروەها یاسای لە فەڕەنسا خوێند بوو، بە وتەی هاوەڵەکانی و لێووردبوونەوەی ئێمە، دیارە کە لەسەر بنەمای یاساکانی فەڕەنسا، یاسا بنەڕەتیەکانی هەرێمی کوردستانی داڕشتووە. لەهەمان کات، ئەگەر سەیر بکەین دەبینین لەرووی شکڵیەوە دەڵێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٩٥٨ نوسراوە. بۆ نموونە، بڕوانە ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێبەجێکردن، یاسادانان و بەتایبەت دادوەری لە هەرێم، سیستمە سیاسیەکە دەبێتە سیستمێکی سیاسی تێکەڵاوی نزیک لە فەڕەنسا.

سێیەم: ژینگەی حوکمڕانی هیچ یەک لەم وڵاتانە لەبار نیە بۆ جێبەجێکردنی سیستمی پەرلەمانی. هەروەکو باسکرا، هەردوو وڵات بەرەنگاری کەمکردنەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بوونەوە و هەوڵی هاوسەنگی دەسەڵاتەکان دەدەن. ئەگەر هەرێم دەیەوێت سیستمی سیاسی پەرلەمانی جێبەجێ بکات، ئەوا ئەم قۆناغەی ئێستا گونجاو نیە، چونکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرترین گۆڕانکارییە خێراکانی جیهانی تێدا روودەدات و سیستمی پەرلەمانی لەو ناوچەیەدا سەرکەتوو نەبوون. لەگەڵ ئەمەش، لێرەدا پەرلەمان بەتەنها ناتوانێت کۆنترۆڵی هێزەکانی سەربازی، ئاسایش، پۆلیس، هەواڵگرییەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە هێزی پارتە سیاسییەکان و هێزە نافەرمیەکانی تر بکات بەبێ بوونی هێزێکی جێبەجێکردنی کارا و خاوەن دەسەڵات.

## 4.2 پێشنیارەکان

یەکەم: بەهۆی پێشکەوتوویی سیستمی یاسایی و سیاسی فەڕەنسا و لێکنزیکی زۆری سیستمی سیاسی هەرێم لەو وڵاتە، پێشنیار دەکەین کە لەکاتی داڕشتنەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان سوود لە فەڕەنسا وەربگیرێت.

دووەم: پێمانوایە سەرۆک دووبارە لەناو خەڵک هەڵبژێردرێتەوە باشترە وەکو لەفەڕەنسا جێبەجێ دەکرێـت و سەرکەوتوو بووە، لەبەر چەند هۆکارێک:

١- بۆ هاوسەنگی تەواوی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرامبەر بە دەسەڵاتی یاسادانان.

٢- سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە لەپەرلەمان هەڵبژێردرێن جیاوازی ئەوتۆ ناهێڵێتەوە لەنێوانیان.

٣- سەرۆک رەوایەتی یاسایی، سیاسی و نێودەوڵەتی زیاتری دەبێت.

٤- تەنانەت ئەگەر نیازی سیستمی پەرلەمانیش هەبێت، ئەمە سیستمەکە تێک نادات وەکو لەنەمسا، ئیرلەنەدا، بولغاریا، پورتوگال، و چەندین وڵاتی تر جێبەجێ دەکرێت (سۆفی، ٢٠١٥، ل ٣٥).

---

و ماددەی دەیەمی دەستووری فەڕەنسی، هەروەها سەیری ماددە (٧)ی دەستووری فەڕەنسی وياسای سەرۆکایەتی بۆ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک و چەندین ماددەی تر بکە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەم: ئەگەرچی ئاسان نابێت بۆ پاڵێوراوێک کە (٥٠٠) واژوو کۆبکاتەوە تاوەکو ببێتە سەرۆک و ئەمە لەگەڵ بنەماکانی دیمۆکراسیش ناکۆک دەبێت، بەڵام ئەم میکانیزمە پێمان دەڵێت کە ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆک و سیمبوڵی وڵات، گرنگە خاوەن تایبەتمەندی کاریزمایی و لێهاتوویی ئەوتۆ بێت کە توانای نوێنەری راستەقینەی خەڵک و پارێزەری دەستوور و هاوسەنگی دەسەڵاتەکانی هەبێت، بۆیە پێویستە بەلایەنی کەم بتوانێت سەرەتا پشتگیری (١٠٠) کەسایەتی پلە باڵای وڵات وەربگرێت هەتا بچێتە قۆناغی ململانێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵات.

چوارەم: پێشنیار دەکەین وەزیرەکانی هەرێمی کوردستان وەکو فەرەنسا دووجار متمانە بەدەست بێنن لەلایەن گەل لەبەر هەستیاری کارەکەیان لەبواری جێبەجێکردن، واتە سەرەتا وەکو ئەندام پەرلەمان دەرچووبن و دواتر ببنە وەزیر. ناکرێت وەزیرێک ئەو هەموو دەسەڵات و ئیمتیازە زۆرەی هەبێت کە زیاترە لە ئەندام پەرلەمان، بەڵام هەڵبژێردراوی جەماوەر و شەرعیەتپێدراوی خەڵک نەبێت!

پێنجەم: لەفەرەنسا چەند قوتابخانەیەکی نیشتمانی و حکومی هەن کە هەموو ئەندامانی باڵای وڵات لەوێوە پەروەردە دەکرێن و پرۆگرامەکانی خوێندن وەردەگرن. قوتابخانەی نیشتمانی بۆ کارگێری و قوتابخانەی پۆلەتەکنیکی فەرەنسی رۆڵی باڵایان هەیە لەپێگەیاندنی دەستەبژێر (نخبە)ی سیاسی، کارگێری، ئابووری و تەکنیکی و زۆربەی سەرۆکوەزیرانەکان لەم قوتابخانانە بوون. لەهەرێمی کوردستان زۆربەی منداڵەکانی خاوەن پایە لە قوتابخانە تایبەتەکانی بیانییەکان دەخوێنن کە هیچ گرنگیەک بەپرسە نەتەوەییەکان نادەن. لەبەرئەوەی ئەمانە دواتر بەرپرسیاریەتی هەستیار وەردەگرن لەوڵات، پێشنیار دەکەین کە بایەخ بەقوتابخانە نەتەوەییەکان بدرێت لەهەرێمی کوردستان وەکو فەرەنسا.

## سەرچاوەکان:

<u>کتێبەکان:</u>

بابان، بریار شێرکۆ. (٢٠١٥). ئیندێکسی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق. هەولێر: چاپخانەی ماردین.

حەکیم، هۆگر ئیبراهیم. (٢٠١٧). سروشتی دیمۆکراتی لامەرکەزیەتی کارگێری. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەریف، ئەمین فەرەج. (٢٠١٩). حوکمڕانێتی باش لەهەرێمی کوردستان (١٩٩٢-٢٠١٣). و. لوقمان حاجی قادر. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

عبدالله، خامۆش عمر، رشید، عدنان عبدالله. (٢٠١٥). بنەماکانی سیستمە سیاسییەکان. هەولێر: کتێبخانەی یادگار.

عەلائەددین، عەبدولعەزیز دلاوەر. (٢٠١٨). دەوڵەتسازی: نەخشە رێگایەک بۆ سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردن لەهەرێمی کوردستان. هەولێر: ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ توێژینەوە.

گۆڤاری زانستی:

احمد، شاهۆ غفور. (٢٠١٣). دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سیستمی پەرلەمانی کۆماری دا. گۆڤاری یاسا و رامیاری. 11(14).

دەستوور و یاساکان:

دەستووری فەرەنسی، ساڵی ١٩٥٨ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٨.

دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

پەرلەمانی کوردستان. (٢٠٠٩). پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان عێراق. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٥.

یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٤، یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو.

یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١، یاسای ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق.

یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری کوردستان–عێراق بۆ راپرسی.

یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٢، یاسای هەموارکردنی نۆیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکرا.

یاسای  ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواکراو.

یاسای ژمارە (٢) بۆ ساڵی ٢٠٠٦، یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق.

یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢.

یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی ٢٠٠٦، یاسای هەموارکردنی حەوتەمی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان عێراق، ژمارە (٣) بۆ ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکرا.

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری یەکەمی ساڵی ٢٠١٩.

چاپەرەکان لەکتێب:

زەنگەنە، بەشارەت. (٢٠١٥). سیستمی سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی... یان هەردوکیان؟ لە: دیداری زانکۆی سەلاحەدین (ئامادەکراوە). لەپێناو دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

سۆفی، فەرسەت. (٢٠١٥). سروشتی سیستمی سیاسی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان. لە: دیداری زانکۆی سەلاحەدین (ئامادەکراوە). لەپێناو دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

ماڵپەڕە فەرمیەکان:

حکومەتی هەرێمی کوردستان-أ. (٢٠٢٠). وەزارەتەکان. [ئۆنلاین] بەردەستە لە: https://gov.krd/government/entities/ [رێکەوتی سەردانی ٢٢ی ئازاری ٢٠٢٠] .

حکومەتی هەرێمی کوردستان-ب. (٢٠٢٠). فەرمانگەکان و دام و دەزگاکانی تر. [ئۆنلاین] بەردەستە لە: https://gov.krd/government/entities/. [رێکەوتی سەردانی ٢٢ی ئازاری ٢٠٢٠] .

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. (٢٠٢٠). بە سەرپەرشتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران کۆبووەوە. [ئۆنلاین] بەردەستە لە:-https://president.gov.krd/kurdistan-region-president-chairs krg-cabinet-meeting/[رێکەوتی سەردانی ٣٠ی ئازاری ٢٠٢٠] .

**سەرچاوەی عەرەبی:**

گۆڤاری زانستی:

ميسروب، سيفان باكراد. (٢٠١٦). هيمنة السلطة التنفيذية على الوظيفة التشريعية للبرمان في الأنظمة الدستورية المعاصرة، مجلة القانون و السياسة. 14(20).

یاساکان

قانون انتخابات مجلس النواب العراقي، ٢٠١٩، مادة (8/سادسا).

پی دی ئێفەکان:

الفوضية العليا المستقلة الانتخابات، نظام رقم 1 لسنة 2013، تنظيم الانفاق علي الحملة لاتتخابية.

الشكراوى، على هادى. (2012). النظام السياسي الفرنسي كنموذج تطبيقي معاصر للفصل المرن بين السلطات. [pdf] بابل: جامعة بابل. متواجد في:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeges/lecture.aspx?fid=7&depid=1&lcid=29412 [تم الوصول إليه: 16 مارس 2020].

مالپەڕە فەرمییەکان:

سفارة فرنسا في جمهورية مصر العربية-أ. (٢٠١٠). الانتخابات الرئاسية في فرنسا. [ئونلاين] في: https://eg.ambafrance.org/%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%AE%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D8%AA [تم الوصول إليه: 3 نيسان 2020].

سفارة فرنسا في جمهورية مصر العربية-ب. (٢٠١٠). عقوبة الإعدام في فرنسا. [ئونلاين] في: https://eg.ambafrance.org/%D8%B9%D9%82%D9%88%D8%A8%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B9%D8%AF%D8%A7%D9%85-%D9%81%D9%8A [تم الوصول إليه: 3 نيسان 2020].

**سەرچاوەی فەڕەنسی:**

مالپەڕە فەرمییەکان:

Elysée (2020). *Équipe du Président*. [online] Available at: https://www.elysee.fr/la-presidence/cabinet-du-president-de-la-republique-et-services-de-l-elysee [Accessed 2nd May. 2020].

Legifrance.gouv.fr (2020). Loi n° 62-1292 du 6 novembre 1962 relative à l'élection du Président de la République au suffrage universel Version consolidée au 03 mai 2020. [online] Available at: https://www.legifrance.gouv.fr/affichTexte.do?cidTexte=JORFTEXT000000684037 [Accessed 2nd May. 2020].

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

کتێبەکان:

Knapp, A., and Wright, V. (2006). *The Government and Politics of France*. Fifth edition. London and New York: Routledge.

Lim, T. (2016). *Doing Comparative Politics: An Introduction to Approaches and Issues*. USA: Lynne Rienner Publishers.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاپتەر لە کتێب:

Kesselman, M. (2012). France. In: Kesseman, M., Krieger, J., and Joseph, W. ed., Introduction to Comparative Politics; Political Challenges and Changing Agendas. Second Edition. Boston (USA): Wadsworth Cengage Learning.

جۆرناڵە زانستییەکان:

Blais, A., and Loewen, P. (2009). The French Electoral System and its Effects. West European Politics. [online] Volume 32 (2). Available at: https://www.researchgate.net/publication/233027541_The_French_Electoral_System_and_its_Effects/link/53d6445e0cf228d363ea4a85/download [Accessed: 31rd March 2020].

Meur, G., and Schlosser, D. (1994). Comparing political systems: Establishing similarities and dissimilarities. *European Journal of Political Research*, [online] No. 26. Available at: https://www.fsf.vu.lt/users/zennor/download/Foto/SIMILARITIES_DISSIMILARITIES_pol_systems.pdf [Accessed: 16th March 2020].

وتارە ئەلیکترۆنییەکان:

AlKharusi, M. (2014). *The Comparison of Legislature Between France and Germany*. [pdf] Sultan Qaboos University. Available at: https://www.researchgate.net/publication/331478156 [Accessed: 12 December 2019].

Brown, G. (1966). *DeGaulle's Republic and the Rule of Law: Judicial Review and the Conseil d'Etat*. Boston University Law Review 46. Available at: https://core.ac.uk/download/pdf/71467268.pdf [Accessed: 24 September 2020].

Liu, M. (2000). *Systems of Government in Some Foreign Countries: France*. [pdf] Hong Kong: Research and Library Services Division. Available at: https://www.legco.gov.hk/yr99-00/english/sec/library/990rp08.pdf [Accessed: 4th April 2020].

Sadanandan, G. (2013). *Comparative Political Systems*. [pdf] India: University of Calicut. Available at: http://www.universityofcalicut.info/SDE/Comparative%20Political%20System.pdf [Accessed: 16th March 2020].

Suleiman, M. (2017). *Comparative Politics- Why we Compare, How We Compare*. [pdf] Nsukka: University of Nigeria. Available at:

https://www.academia.edu/39635197/COMPARATIVE_POLITICS_WHY_WE_COMPARE_HOW_WE_COMPARE [Accessed: 16th March 2020].

ماڵپەڕە فەرمییەکان:

Gouvernment Liberte Egalite Fraternite, (2020). *Composition of the Government*. [online] Available at: https://www.gouvernement.fr/en/composition-of-the-government [Accessed 22nd March. 2020].
French Embassy in London. (2020). *Five things you need to know about the French presidential election.* [online] Available at: https://uk.ambafrance.org/Five-things-you-need-to-know-about-the-French-presidential-election [Accessed 3rd April. 2020].

# Executive Authority Between the Political System of France and Kurdistan Region- Iraq (Comparative Research)

**Dr. Barzan Jawhar Sadeq**
Department of Political System and Public Policy, Collage of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
barzan.sadq@su.edu.krd

## Abstract

From Aristotle’s time up to now comparative politics has been one of the major political science fields and has had a significant impact on the progress of various political systems. Founding a political system is related to some factors, one of them is the effect of a powerful state to composition of a new political system in another region. Kurdistan region is at the beginning of fixing the nature of its political system. There many similarities and less differences between both political systems (France & Kurdistan region), this research depends on comparative method deals with comparation executive powers of both countries.

Despite Kurdistan region being a de facto for three decades, some basic laws have been practiced from founding the region that are shaped like constitution which could be used as comparative fields to compare with other political systems. Focusing on those two mentioned mechanisms and depending on Iraqi constitution according to

Kurdistan regions authority, we have compared France and Kurdistan region political systems.
Through focusing on both political systems, it seems that the authorities of both presidents are in common in terms of foreign and domestic policy. Both presidents are the head of army forces, executive authority and other presidency authorities, except the other commons between their ministry councils that the research analyzes by depending on law and constitution articles.

## السلطة التنفيذية مابين النظام السياسي الفرنسي وإقليم كوردستان – العراق (دراسة المقارنة)

**ملخص:**

السياسة المقارنة من أرسطو الى يومنا هذا كانت وتكون إحدى المجالات الرئيسة للعلوم السياسية ولها أثر وتأثيرات مستمرة على تقدم النظام السياسي للدول. من المعلوم أن تطبيق نوع النظام السياسي في دول العالم له علاقة بعديد من العوامل، أحدها هو تأثير القوة الحاكمة في صياغة النظام السياسي الجديد في منطقة ما. إن إقليم كوردستان في بداية تحديد طبيعة نظامه السياسي. على أساس فرضية تشابه كثير وفارق قليل ما بين النظامي الفرنسي وإقليم كوردستان، حاول هذا البحث المقدم استنادا بمنهج المقارنة، أن يعملَ على عرض كلا النظامين ويوضح النقاط المشتركة وغير المشتركة ما بين السلطتين وكيفية تنفيذها داخل النظام السياسي.
في إقليم كوردستان لمدة ثلاثة عقود يطبق نوعا من سياسة الأمر الواقع، ويمكن أن نجعلها وجه الواقع النظام السياسي فى الإقليم. كما يطبق عديد من القوانين الأساسية التي جاءت وصاغت منذ تأسيس النظام السياسي في هذا الإقليم، كلها لها طبيعة دستورية بإمكانها أن تستخدمها كجوانب المقارنة مع أنظمة السياسية الأخرى. من هنا ركزنا على كلتا الوسيلتين التي ذكرناها سابقا ومعتمدا بعديد من النصوص الدستورية في الدستور العراقي متعلقة بسلطة وصلاحيات إقليم كوردستان، قمنا بمقارنة النظامين السياسي الفرنسي وإقليم كوردستان.
بتمعن على كلا النظامين السياسيين، يوضح لنا عديد من النقاط المشتركة بينهما في تنفيذ سلطات الرئيس في فرنسا وإقليم كوردستان من ناحيتي السياسة الداخلية والخارجية، لاسيما كلا الرئيسين رئيسا للسلطة التنفيذية وقائدا للقوات المسلحة وغيرها، ومن هنا تحدث البحث بكل دقة ووضوح عن سلطات الرئيس في فرنسا وإقليم كوردستان.